حکومەتی هەرێمی کوردستان / عێراق
وەزارەتی خوێندنی باڵا و توێژینەوەی زانستی
سەرۆکایەتی زانکۆی گەرمیان
کۆلێژی پەروەردە
بەشی زمان و وێژەی کوردی
قۆناغی چوارەم

# نەمری لە هۆنراوەی نوێی کوردییدا
# (هۆنراوەکانی کاکەی فەلاح و کامەران موکری بە نموونە)

## ئامادەکردن: عومەر عادل عەبدوڵڵا.

نوێژینەوەیەکە لەلایەن خوێندکار (عومەر عادل عەبدوڵڵا)ەوە پێشکەش بە بەشی زمانی کوردی - کۆلێژی پەروەردەی زانکۆی گەرمیان کراوە، وەکو بەشێک لە پڕکردنەوەی پێویستییەکانی بە دەستهێنانی بڕوانامە بەکالۆریۆس لە زمان و وێژەی کوردیدا.

## سەرپەرشتیار:م.ی مژدە ئیسماعیل نوری.

٢٧٢٢کوردی     ٢٠٢٣ زاینی     ١٤٤٤کۆچی

## سوپاس و پێزانین...

سەرەتا.سوپاس بۆ خودای باڵادەست و فەرمانڕەوای گەردوونەکان.پاش سوپاس بۆ ئەو کەسانەی کە لە تیشکدانەوەی زانست و زانیارییان پرشێک بەر ئاوەزم کەوتووە و دونیابینی و ئاوەزمەندیمیان فراوان کردووم.

**هەروەها زۆر سوپاس بۆ مامۆستای سەرپەشتیارم، (مژدە ئیسماعیل نوری) کە کەموکورتییەکانی بۆ دەستنیشان کردم و لە هەڵەکان ئاگاداری کردمەوە.**

پێشکەشە بە...

بە باوک و دایکی ئازیزم و یەکەمین مامۆستاکانی ژیانم، کە دەم و ئاوەزیان تەژی کرد لە وشەی پاک و پاراو. پێشکەشە بە هەموو ئەو مرۆڤ جوانانی کە ڕێنویان کردم، بۆ ڕێگەی ڕاست و دروست.

## پێڕست:

پێڕست.................................١-٢
پێشەکی.......................................٣
گیروگرفتی توێژینەوەکە.........................٤
هۆکاری توێژینەوەکە.............................٤
سەرچاوەکانی توێژینەوەکە.......................٥-٤
ئامانجی توێژینەوەکە.............................٥
سنووری توێژینەوەکە.............................٥
میتۆدی توێژینەوەکە.............................٥

تەوەری یەکەم:

١.پێناسە و زاراوەی نەمری.............................٧-٨
٢.سەرچاوەکانی بیرۆکەی نەمری.............................٨-١٠
٣..نەمری لە مێژوودا.........................................١١-١٣
٤.نەمری لە قورئانی پیرۆزدا...................................١٣-١٥

تەوەری دووەم:

١.نەمری لە شارستانیەت و ئاینە کۆنەکاندا...............................١٧
٢.نەمری لە شارستانیەتی سۆمەری کۆندا(داستانی گڵگامێش بە نموونە)١٧-٢٠
٣.گرێی نەمری لە داستانی (گڵگامێش)دا..........................٢٠-٢٣

٤.نەمری لە شارستانیەتی میسری کۆندا.......................٢٣-٢٥
٥.نەمری لە شارستانیەتی یۆنانی کۆندا......................٢٥-٢٦
٦.نەمری و پایەی نەمری لە ئاینی زەردەشتییدا...........٢٧-٢٨

تەوەری سێیەم:

١.کەسایەتییە نەمرەکان، لە وێژەی فۆلکلۆری کوردییدا......٣٠-٣٣
٢.کەسایەتییە نەمرەکان، لە ئەفسانە کوردییدا...........٣٣-٣٦
٣.کەسایەتییە نەمرەکان، لە داستانی کوردیدا............٣٦-٤٠

تەوەری چوارەم:

١.نەمری لە دیدەی هۆزانڤانانی کلاسیکی کوردییدا( هۆنراوەکانی زاری و عەونی و عاسی بە نموونە)............................٤٢-٤٦
٢.نەمری لە هۆنراوەکانی(کاکەی فەلاح)دا..............٤٦-٥٢
٣.نەمری لە هۆنراوەکانی(کامەران موکری)دا..........٥٢-٥٦

ئەنجامی توێژینەوەکە................٥٧

کورتەی توێژینەوەکە بە زمانی عەرەبی..........٥٨
کورتەی توێژینەوەکە بە زمانی ئینگلیزی.........٥٩
کورتەی توێژینەوەکە بە زمانی فارسی............٦٠
سەرچاوەکان.......................................٦٠-٦٩

## پێشەکی:

شیعری نوێی کوردی، بازدانی شیعری کوردی بوو، لە کۆنەوە بۆ نوێ، لە هەردوو ئاستی شێوە و ناوەڕۆکەوە. شاسوارانی شیعری نوێی کوردیش، بریتی بوون لە: عەبدوڵڵا گۆران و پیرەمێرد و شێخ نووری شێخ ساڵح، سەبارەت بە ڕابەری شیعری نوێی کوردی بۆچوونی جیاواز بەدی دەکرێت و هەر ڕەخنەگرێک بەڵگە و تێڕوانینی دەخاتەڕوو، کە دواجار چەندین لێکۆڵینەوە و پەرتووکی لە خۆگرتووە. پاشان چەندین شاعیرانی تر جێ پێیان ئەمانەیان گرت و دەستیان دایە شیعر نووسین، بۆ نموونە وەک حەمە ساڵح دیلان و ئەحمەد هەردی و دڵدار و کاکەی فەلاح و کامەران موکری و هتد...،یەکێک لەو بابەتانەی کە ئێمە دەمانەوێت تیشکی بخەینەسەر لە شیعری نوێی کوردیدا، بابەتەکانی نەمری و جۆرەکانی نەمرییە، بەلای هەردوو شاعیری نوێخوازەوە، کە ئەوانیش کاکەی فەلاح و کامەران موکرین، چونکە ئەم دوو شاعیرە، بابەتەکانی نەمری لە نێو هەندێک لە هۆنراوەکانیاندا ڕەنگی داوەتەوە و بەشێک لە سیمای شیعرەکانیانی پێکهێناوە.

بابەتەکانی نەمری لە نێو وێژەوانی کوردیدا، هەر ئەوە نییە لە شیعری نوێی کوردیدا وەدەرکەوتبێت، بەڵکو مێژوویەکی دوور و درێژی هەیە و دەگەڕێتەوە بۆ ئەفسانە کوردییەکان و ئەو کاتانەی کە مرۆڤ هەمیشە لەگەڵ مەرگدا لە بەربەرەکانێ بووە و ویستویەتی هاوسەنگییەک لە نێوان مەرگ و ژیاندا ڕابگرێت. بۆیە لە ئەنجامدا پەنای بردۆتە بەر چەندین گێرانەوە و سەرگوزەشتە بۆ ئەوە بتوانیت ئەو کەڵکەڵە لە خۆیدا بەتاڵ بکاتەوە، چونکە نەمری دڵۆپە ئاوێکی دوورەدەست و بێناونیشانە و کەم مرۆڤ هەیە بتوانێت بگاتە کەڵکەڵەی نەمری و جوگرافیایەک یان ناوچەیەکی دیاری کراو نییە، مرۆڤ بە پێ بەرەو پیری بڕوات، یان وێردگایەک نییە و مرۆڤ ئامانەتی نەمری لێوەرگرێت، بەڵکو تەنها و تەنها مرۆڤ لە ڕێگەی بەهرە و تواناکانییەوە دەتوانێت پێ بخاتە نێو سنووری نەمرییەوە.

## گیروگرفتی توێژینەوەکە:

لە ڕاستییدا، نووسین و قسەکردن لەسەر شتێک کە کەمترین باس و خواسی لەسەر کراوە بۆ خۆی گرفتێک، چونکە دەبێت تۆ شتانێک باس بکەیت و شتانێک بێهنیتە گۆڕێ، کە پێشتر باسی لێوە نەکراوە و لە سەروبەندی نووسینیشدا، دەبێت زیاتر سەرچاوەکان مشتوماڵ بکات و لێکدانەوەیان بۆ بکات، ئەم لەلایەک، لەلایەکی تریشەوە، فراوانی و فرەبابەتی لێکوڵینەوەکە، بۆ خۆی، گەورەترین گرفتە، چونکە هەرچەندە بابەتەکان فراوان بن، پێویستی بە گەڕانی زیاتر و کنە و پشکینی زیاترە، ئەم کنە و پشکینەش وا دەخوازێت، بەدوای چەندین سەرچاوە کوردی و ناکوردیدا بگەڕێیت، بۆ دۆزینەوە و گەڕان بە دوای ڕاستییەکاندا بەشێوەیەکی ژیربێژیانە و دوور لە زانیاری ناڕاست و بێ بەڵگە. دیارە سەرچاوە کوردییەکانیش، لە چاو سەرچاوە بیانییەکان، وەکو عەرەبی و ئینگلیزی، کەمتر زانیاری لە خۆ دەگرن، بۆیە بە ناچاری دەبین،بە دوای سەرچاوە بیانییەکاندا بگەڕێین، بەتایبەتی سەرچاوە عەرەبی و فارسی.

## هۆکاری توێژینەوەکە:

پێش ئەوەی  توێژینەوەکە بیرۆکەی خودی بێت، یەکێک لەو هۆکارانەی پاڵی پێیوەنام بەرەو ئەنجامدانی توێژینەوەکە، ناونیشانە نوێیەکەی بوو، چونکە (نەمری و جۆرەکانی نەمری لە هەڵبەستی نوێی کوردییدا" هۆنراوەکانی کاکەی فەلاح و کامەران موکری بە نموونە) ناونیشانێکی نوێیە و خودی نەمری لە نێو ئەدەبیاتی کوردییدا کەمترین کاری لەسەر کراوە و ئێمەش ویستومانە زیاتر ئاوڕ لەو بوارە بدەینەوە.

## سەرچاوەکانی توێژینەوەکە:

بۆ ڕای کردنی توێژینەوەکەمان، جگە لەو سەرچاوانەی بە زمانی کوردی نوسراون، ئاوڕمان لە هەندێک سەرچاوەی بیانی تر داوەتەوە، چونکە

بەکارهێنانی یەک زمانی سەرچاوە بە تەنها، ناتوانێت هەموو بۆشاییە زانستییەکان پڕبکاتەوە.

### ئامانجی توێژینەوەکە:

ئامانجی سەرەکی ئێمە، بریتییە لە خستنەڕووی بابەتێک و دیاردەیەکی تر لە شیعری کوردییدا، کە ئەویش بابەتی نەمرییە، چونکە یەکێک لە گرنگی توێژینەوە ئەدەبییەکان ئەوەیە، دەوڵەمەندی گەنجینەی پڕ لە زێر و زیوەی نەناسراوی ئەدەبەکەمان پێدەناسێنێت.

### سنووری توێژینەوەکە:

سنووری توێژینەوەکەمان نە زۆر بەرفراوانە و نە زۆر سنووردارە، بەڵکو بە پێی ئەو ناونیشانەی نووسیومانەتەوە، لەسەر دواوین و بابەتی زیاد و ناپێویستمان نەهێناوەتە ناوەوە، بە بیانووی دەوڵەمەندکردنی توێژینەوەکەمان.

### میتۆدی توێژینەوەکە:

لەبەری ئەوەی هەستاوین بە پەسنکردنی نەمری لە هۆنراوەی نوێی کوردییدا، هەروەها چەند نموونەیەکمان خستۆتەڕوو وەک ڕێگەیەک بۆ بەهێزکردن و زەنگینکردنی توێژینەوەکەمان و پاشان ئەو نموونەمان شیکردۆتەوە، بە مەبەستی ئەوەی بتوانین ڕاستییەکانمان بۆ ڕوون بێتەوە، ئەوە لە توێژینەوەکەدا ڕێبازی(پەسنی-شیکاری)مان بەکارهێناوە.

## تەوەری یەکەم:

١.پێناسە و زاراوەی نەمری.

٢.سەرچاوەکانی بیرۆکەی
نەمری.

٣.نەمری لە مێژوودا

٤.نەمری لە قورئانی پیرۆزدا

## زاراوە و پێناسەی نەمری:

کاتێک باس دێتە سەر نەمری و هەموو ئەو بابەتانەی پەیوەندییان بە نەمرییەوە هەیە، ڕاستەوخۆ بیرمان بۆ ژیانی هەمیشەیی دەڕوات. لە زمانی کوردییدا، وشە هاوواتاکەی(نەمری) بریتییە لە (هەرمانی) بەو مانای شتێک هەر بمێنێت. لە زمانی عەرەبییدا، لە بەرامبەر وشەی(نەمری) وشەکانی(خلود، ابدی،سرمدي)هاتووە، کە بە واتایی نەمری و ژیانی هەتاهەتایی دێت. هەروەها لە فەرهەنگ و زمانی فارسیشیدا، دوو چەمکی هاوواتا هەن،(جاودانگی) و(فناناپذیری)، کە هەردووکییان بەکاردێت، بەڵام بە تایبەتی وشەی یەکەمییان زیاتر کەڵکی لێوەردەگیرێت. دەبێت ئەوە لە بیر نەکەین، کە زمانی فارسی لە ژێر کاریگەری زمانی عەرەبییدا, وشەی (خلود)یش بەکاردەهێنن و لە نووسینەکانیدا بەرچاو دەکەوێت.

بە نەمرکردنی کەرەستییەکی بەرجەرستە ئەگەرە بە مردن، پرۆسەیەکی تا بڵێی زەحمەتکێش و پرئەرکە. بە تایبەتی ئەو کەرەستە مرۆڤرسکانی لەلایەن خودی مرۆڤەکانەوە دروستکرابن و دەستی مرۆڤییان تێدایە. چونکە مرۆڤ خۆی بونەوەرێکە ناتوانێت پارێزگاری لە نەمری خۆی بکات، ئەی چ جا بگات بەوەی هەوڵ بۆ نەمری ئەو شتانە بدات، کە دروستیکردوون. وەڵێ ئەمەش ئەوە ناگەیەنێ، کە ئیتر مرۆڤ دەست لە نەمرکردن هەڵگرێت و کۆڵبدات، لە سازدانی کەرەستە و دروستکردنی پەیکەرە نەمرەکان. چونکە تا ژیان بەردەوام بێت و پەرە بەدەورانی خۆی بدات، مرۆڤ دەست لە دروستکردنی کەرەستە نەمرەکان هەڵناگرێت.

هەموومان دەمرین، بە مانا جەستەیەکەی، ئەمەش پێشهاتێکی یەک لاکەرەوەیە و لە قورئانی پیرۆزیشدا و یەکلای بۆتەوە:((كُلُّ نَفْسٍ ذَآئِقَةُ ٱلْمَوْتِ...(آل عمران - 185))واتا: هەموو کەسێک، هەموو نەفسێک، دووچاری مردن دەبێت و ناتوانێت لێی هەڵبێت. ئەم مردنەی مرۆڤیش، وای لە کەسایەتییەکان کرد لە ڕێگەی کار و داهێنانەکانیەوە کە خزمەت بە مرۆڤ و مرۆڤایەتی دەکات، هەوڵ و تەقەلای نەمری بدەن، نەمری بە مانا نابەرجەستییەکەی، چونکە "کاتێک خۆیان بینی کە ناتوانن لەناوچوونەکەیان بەرپەرچ بدەنەوە، بەدوای گەڕانیان بۆ نەمریی

ئەخلاقیدا دەگەڕان و ڕێگەیەکیان بۆ نەمری دۆزیەوە بەو بەها و ئایدیالانەی کە دەیانزانی، بۆیە کێبڕکێیان تێدا کرد تا یادەوەرییان بە نەمری بمێنێتەوە دوای لەناوچوونیان." (عادل علي عيوش،٢٠١٨، ١٤٥).

سەبارەت بە پێناسەی نەمری، زۆرێک لەوانەی پێناسەی نەمریان کردووە، لە ڕووەوە بوونەکییەکەوە پێناسەیان کردووە.لە پێناسەی نەمریدا وتراوە:"مانەوە، نەمری، زیندووبوونەوە، ناسنامەی کەسی، ژیان لە دوای مردن و دووبارە دروستکردنەوە چەمکی بنەڕەتین لە بابەتی نەمریی ڕۆحدا. مانەوە مەرج و پێشەکی نەمرییە."(قاسم حسن پور، ٢٠٠٩، ٨)"نەمری:بە واتای بەردەوام بوون و مانەوە و هەمیشەیی دێت"(حمید رضا اسکندري، علی پوور محمدی)شانبەشانی ئەمیش(د.مەولود ئیبراهیم حەسەن)،بەم چەشنە پێناسەی لە نەمری دەکات:"نەمریی ئەو حاڵەتەیە کە مرۆڤ بە گەنجی و لەشساغی و سەرساغی و هەمیشەیی بمێنێتەوە و نە پیر بێ و نە نەخۆش بکەوێ و نە بمرێ."(د.مەولود ئیبراهیم حەسەن،٢٠٠٢: ١١٨)لە ڕاستییدا، ئەم پێناسەیەکی زۆر گونجاوە لە مەڕ (نەمری)ەوە، لێرەدا ئێمەش مەبەستمان مرۆڤی نەمر نییە، وەکو ئەوە لە داستان و ئەفسانە و گێڕانەوە فوڵکلۆرییەکاندا هەن، ئەوان پرشی نەمرییان بەرکەوتووە لە نێو گێڕانەوەکاندا، جگە لەمەش کۆمەڵە شتانێکی ترن، کە شتی بێگیان و بێڕووحن، لە دێر زەمانەوە یان لە زۆر کۆنەوە هەن و تا هەنووکە مرۆڤ و مرۆڤایەتی سوودییان لێ دەبینێت و لە بەکارهێنان بەردەوامە. کەواتە بە پێی تێگەیشتن و دونیابینی ئێمە بۆ چەمکی نەمری، دەتوانین بڵێین: نەمری بریتیە لە هەرمانەوە کەسێکە، کە مەرگ و لەناوچوون زەفەری پێنەبات.

## سەرچاوەکانی بیرۆکەی نەمریی:

وەکو هەمووان دەزانین، بیرۆکە لە ئەنجامی بیرکردنەوەیەکی قووڵەوە چرۆ دەکات و ڕەنگە بیرۆکەیەکیش بێتە هۆی داهێنانێکی گەورە لە بوارێکدا. بیرۆکە جۆرێکە لە ئیلهام بۆ نموونە کەسێک دەڵێت:بیرۆکەیەکەم بۆ هات، وەک ئەوە وایە بلێت: ئیلهامێکم بۆ هات.هەموو ئەو داهێنانەی کە دەبینین لە ژیانماندا، لە ئاکامی بیرۆکەوە هاتونەتە کایەوە. ڕاستە سەرەتایی داهێنان جۆرێکە لە ئیلهام، بەڵام دواتر کارکردن لەسەر ئەو ئیلهامە پشتبەستن بەخود و قوڵبونەوە بە نێو بابەتەکەدا، تاڕادەیەکی زۆر پشت بە بیرکردنەوە و بیرۆکە قوڵەکان دەبەستێت

. بێگومان، سەرەتای هەموو داهێنانێکیش خەیاڵکردنە، چونکە "توانای بەرهەمهێنان و فراوانی کردنی بیرۆکەکان و پێشنیاری گریمانە و جێبەجێکردنی خەیاڵ، وە بۆ گەڕان بە دوای ئەنجامی جێگیرەوەی داهێنەرانە. "(لوێس بۆد،٢٠٢٠، ٨).مرۆڤیش، کە خواست و خەیاڵی نەمری لە هزریدا بووە،هەمیشە ویستوویەتی بەشێوەیەکەی کردارەکی بەرجەستەی بکات. ئەم کردارەکی کردنەش، تەنها لە چوارچێوەی ڕەگەز وێژەییەکاندا بووە، ئەویش داستان و ئەفسانە.

سەرەتاکانی مێژوو و سەرهەڵدانی بیرۆکەیی نەمریی، وەک سەرەتاکانی دەستپێکردن و دیاریکردنی خودی مێژوو لێڵە و تەمێک بەر ئاسۆی گرتووە. بەڵام ئەمە ساردمان ناکاتەوە، لە دەست هەڵگرتن لەسەر ئەم باسە و سەرەنجمان خێل ناکات. سەبارەت بە بیرۆکەی نەمری مێژوویەکی دێرینی هەیە، چونکە"نەمری دەگەڕێتەوە بۆ ئەو قۆناغەکانی بیرکردنەوە ئەفسانەیی و لاهوتیی و میتافیزییەکانیی مرۆڤ، لە هەوڵەکانی بۆ دیاریکردنی بیرکردنەوەکان لە بارەی مردن و ژیان و چارەنووسی و پەیوەندی لەگەڵ پاداشت و سزا و فەنا و نەمری"(د.الهام المعتزالله عبدالظیم ابو الخیر،٢٠٢١، ٦٩٣)کەواتە: نەمری یەکێکە لەو سیفاتانەی، کە زۆر لە جەنگاوەرانی ڕابردووی نێو ئەفسانەکان، تەقەلاییان بۆ داوە و بەگژ و دار و دیواردا هاتوون، بۆ بە دەستهێنانی مشتێک لە دڵۆپی نەمری، بەڵام لە سەردەمی ئەمڕۆماندا، ئامرازەکانی نەمربوون گۆڕاون. ئێستا هەریەک لە ئێمە بتوانێت پارێزبەندی لە ناوی خۆی بکات لە نێو لاپەڕەکانی مێژوودا، هەرگیز پەنا بۆ شمشێر و ڕم و تیر نابات، بەڵکو لە ڕێگەی داهێنان و بەرهەمەکانییەوە، پشکێکی لە نەمری و نەمربوون بۆ خۆی گل دەداتەوە.

لەمەوە دەگەین بەوەی کە بیرۆکەی نەمری، دەگەڕێتەوە بۆ ئەو ساتانەی، کە مرۆڤ درکی بە مردن کردووە و زانیوویەتی دووچاری مەرگێکی حەتمی دەبێتەوە و هەرگیز ناتوانێت لێی هەڵبێت، یان لە سنوورەکانی مەرگی بپەڕێتەوە. واتا بیرۆکەی نەمریی، یەکێکە لە بیرۆکە سەرەتاییەکانی مرۆڤی سەرەتایی. مرۆڤ لە سەرەتادا کە بیری کردۆتەوە، تەنها ئەو شتانە بیردانی وروژاندووە، کە بوونەتە جێگەی باس و خواس بۆی. بێگومان لە پاش مردنی کەسانی دەورەبەریان و وون بوونیان لە پێش چاوان، ئەمانیش ترسی مردن و لەنێوچوونییان لێ نیشتووە.

درۆ نییە، ئەگەر بڵێین: مێژووی کارکردن لەسەر بیرۆکەی نەمری دەگەڕێتەوەبۆ سەرەتاکانی نووسینەوەی مێژوو، چونکە ئەفسانە و داستانەکان،یەکێکن لە بەڵگانەی، کە لە لێکوڵینەوە مێژووییەکاندا هەندێکجار پشتی پێ دەبەستێریت و لەسەرەتادا تەنها نەمری لە چوارچێوەی ئەفسانە و داستانەکاندا بووە، کەواتە بیرۆکەی نەمری هاوتەمەنی سەرەتاکانی نووسینەوەی مێژووە. بەڵام بە دیاری کراویی، مێژوو و سەرچاوەی بیرۆکەی نەمری، دەگەڕێتەوە بۆ پەیتا پەیتا دروستبوونی شارستانیەتە کۆنەکان،وەکو شارستانیەتی دۆڵی میزۆپۆتامیا و شارستانیەتی یۆنانی و دۆڵی نیل...، چونکە ئەو دەمەی شارستانیەت مرۆڤی لە بازنەی خۆیدا کۆکردەوە، وای لێهات، مرۆڤی هۆشیار پەیدا بوو، کە بێجگە لە ڕاوکردن و گەڕان بە دوای بژێوی ژیاندا، هەوڵی بیرکردنەوە و تێفکرینی دەدا. لە ئەنجامی ئەم تێفکرین و بیرکردنەوە، مرۆڤ لەو سەردەمەدا توانای تیشک بخاتە سەر شتانێک کە ئەمڕۆ شایەنی ئەوەن گفتۆگۆییان لەسەر بکرێت و پەرەییان پێ بدرێت. چونکە مرۆڤ لە شارستانیەتدا، وا دەخوازێت کە بیر بکاتەوە، بێگومان بیرکردنەوەی سادەش نا، بیرکردنەوەیەک بە ئەندازە و بازنەی پێویستی خۆی. لە گرنگترین ئەو شتانە کە بیری لێدەکردەوە و ناوەندی بیری دەوروژاند، ئەو شتانە بوو، کە مرۆڤ بە ئەستەم دەیتوانی دەستی پێیان بگات. لە گرنگترین ئەو شتانەش، نەمری بووە.

تا هەنووکە، نەمری بەو مانایە دێت، کە مرۆڤ نەمر بێت و هەرگیز نەمرێت، تەنها بیرۆکەیەکە و لە چوارچێوەی ئەفسانە و داستانەکاندا تێنەپەڕیووە. کەواتە: نەمری جۆرە فێڵێکە و لە مردن دەکرێت. بۆ ئەوەی بتوانێت لە بازگەی مەرگ بپەڕێتەوە و قوتاری بێت ئەم فێڵەش، بەشێوەی بوونەکی ناتوانرێت بە دەستبهێنرێت، بەڵکو تەنها بە چەشنێکی نووسینەکی یان زارەکی دەتوانرێت کاری لەسەر بکرێت. چونکە تا ئەمڕۆ زانست و مرۆڤایەتی نەگەیشتوون بەو ڕادەی بتوانن لە ڕێگەی زانستی پزیشکییەوە، مردنی مرۆڤ دوابخەن و ڕێگەی بەرۆکگیری مەرگی مرۆڤەکان بگرن. لە پاڵ ئەوەی کە نەمری فێڵکردنێکە لە مردن، بەڵکو خۆی وەکو بەرەبەرەکانییەکیش دەبینێتەوە، چونکە هەمیشە مرۆڤی شارستانیەت کۆنەکان ویستوویانە گرەوی مردن لە کات بەرنەوە و بەسەر سەکۆی نەمرییدا سەربکەون و دەست بە مەشخەڵی ژیانی هەتاهەتاییەوە بگرن.

## نەمری لە مێژوودا:

مێژوو، هەڵکۆڵین و داتاشین ئەو ڕووداوانەیە، کە لە ڕابردوودا ڕوویانداوە، واتا کارکردن لە نێو گێژاو و کێشمەکێشەکانی ڕابرووددا. لە نێو مێژووشدا، چەندین کەسایەتی نەمر و ناودارن هەن، کە مێژوو لە مردن و لەنێوچوون ڕزگاریکردوون. گەر مێژوو نەبوایە لە کوێدا گەلان شارەزایی ڕابردوویان خۆیان بن و سوود لە ئەزموون و شکستەکانیان وەرگرن و شانازیش بە سەرکەوتنەکانینەوە بکەن؟ یان داهێنەرە نەمرەکان و سەرکردە نەبەزیوو و نەمرەکان لە کوێدا؟ لە کام زانستی تردا؟ ناوی خۆیان تۆمار بکردایە وەکو کەسانێکی کاریگەر خۆیان بناساندایە؟"مێژوو بریتییە لە تۆماری هەموو ئاڵوگۆڕێکی سروشت و کۆمەڵ، بریتییە لە باسی ڕابردووی ئادەمیزاد و ئاڵوگۆڕەکانی ناو کۆمەڵگاکانی و لایەنی جیاوازی ئەو کۆمەڵگایانە پێکرا بە نیازی تێگەیشتنی ئیمڕۆی و دیاریکردنی ڕێبازی گشتی دواڕۆژی"(د.کەمال مەزهەر،١٩٨٣، ١٦) کەواتە: هەرە سەرەکیترین ئەرکی مێژوو، تۆمارکردنە. واتا نووسین و تۆمارکردنی ئەو پێشهات ڕووداوە گرنگانەی کە ڕوو دەدەن، یان نووسینەوەی ڕووداوەکان لەو ئانوساتەدا، کە خەریکی ڕوودانن. بێگومان ئەو مێژووەش کە دەنووسرێتەوە و پارێزگاری لێ دەکرێت، لە دووتوێی کتێبەکاندا، پێی دەوترێت مێژووی تۆمارکراو. لە نێو مێژووی تۆمارکراودا، بەو کەسانە دەوترێت(نەمر)، کە توانیویانە چەن لاپەڕەیەک لە لاپەڕەکانی مێژوو بۆ خۆیان قۆرغ بکەن و ناو و کار و کردەوەکانی خۆیان تێدا ڕەش بکەنەوە.

مەبەست لە(نەمر لە مێژوودا) ئەوە نییە، ئەو کەسە نەمر بێت و تەواو و هەرگیز گیان نەسپێریت، بەڵکو مەبەست لە زیندوو مانەوەیە لە نێو لاپەڕەکانی مێژوودا،وەکو بوونێکی کاغەزین و نابەرجەستە. بۆ نموونە زۆرجار دەوترێت(شێخ مەحمودی نەمر) ئەم نەمرییە بەو واتاییە دێت لە مێژوودا تۆمارکراوێکی نەمری هەیە، ئەم کەسایەتییە و تا زانستی مێژوو بمێنت و مێژوو لەپاڵ مێژوو ڕێز بکرێت، ئەم ناو و نازناو، هەر بە نەمری دەمێنتەوە. چونکە "شێخ مەحموود یەکێک لە کەسایەتییە یەکەمینەکانی بزوتنەوەی نەتەوایەتی کورد و لە هەمان کاتیشدا سومبلی نەتەوایەتی نەتەوەکیشە دژ بە گەورەترین و پرچەکترین دەوڵەتی کۆلۆنیالیستی جیهانی."(د.نەجات عەبدوڵا،٢٠٠٦، ٥) کەواتە مێژوو دەتوانێت لە هەناوی خۆیدا نەمری بئافرێنێت، بەوی ناوی

**کەسایەتی و ناودارەکان لەسەر لاشەی خۆی دەنووسێتەوە.**

**مەرجە هەمیشە ناو ئەو کەسایەتیانەی کە مێژوو تۆمارییان دەکات، کەسانی داهێنەر و خزمەتییان بە کایەکانی زانست و مرۆڤایەتی کردبێت، وەکو( شێخ مەحەمەدی خاڵ*) کە "لە پێناوی کۆکردنەوەی زانست و زانیاری و گەیشت بە پلەی سەرکەوتن، چەندین مزگەوت و شار و شارۆچکە گەڕاو، تا دواجار لە ساڵی١٩٣٢ سەرجەم زانستەکانی شەرعی تەواو دەکات و لەسەر دەستی شێخ عومەر قەرەداغی، کە یەکێک بووە لە گەورە زاناکانی ئەو کاتە، بڕوانامە و ئیجازەی مەلایەتی وەرگرت" (بەرزان ئەبوبەکر،٢٠١٦، ١١٦). بەڵکو ناو و نازناوی شێخ مەحەمەدی خاڵ هەر بەوەوە نەوەستاوە و گەیشتۆتە ئاستێک هەندێک کەس وڕووناکبیر بە زانا ناوی دەبەن، لە پای ئەو خزمەتەی کردوویەتی لە بوارە جیاجیاکاندا.**

**بەڵام دەبێت ئەوەش بوترێت: مێژوو تەنها مێژووی داهێنەر و پیاوخاسان و میرخاسانی ڕابردوو نییە، بەڵکو کەژاوەیەکە یان دروستتر بڵێین: تۆمارگەیەکە بۆ کۆمەڵکوژان و خراپەکارانی ڕابردوو، کە چۆن چۆنی دەستی سوور بە خوێنی منداڵان و ژن و پیر و لاواز و بێدەسەڵاتەکان. بۆ نموونە مێژووی ناوی کەسایەتییەکەی وەک (جەنگیزخان) بە نەمر دەهێڵتەوە، بەڵام چ نەمرییەک؟ نەمرییەکی ناشرین و ناقوڵا و نەفرەتی...،ئەمە دیوە ڕەشەکەی مێژووە، کە لێوانلێوە لە تارمایی و ئەو دیوە و درنجانەی ناویان لێنراوە مرۆڤ و پەراوێزن لە هەموو سیفەتێکی مرۆڤبوون، وەکو سۆز و میهرەبانی و بەزەیی...، بە هەمان شێوەیەش، ئەم مێژووە بۆ خۆی مێژووییەکی نەمرە، چونکە مێژوو تا بمێنێت وەکو زانستێک، جەنگیزخان هەر ئەو بەو خوێنڕێژە و وێرانەکەرە ناوزدە دەکرێت،کە لە سەردەمی خۆیدا،٪١١دانیشتووانی گۆی زەوی کوشووە.**

**بێگومان لە مێژوودا، هەوڵدانیش بۆ نەمری لە کەسێکەوە بۆ کەسێکی تر جیاوازە؛ دیکتاتۆرێک لە ڕێگەی ستەم و زۆرداریکانەییەوە هەوڵ دەدات، یان داگیرکەرێک لە ڕێگەی فراوانخوازییە نارەواکانییەوە هەوڵی نەمربوون دەدات، بۆ نموونە: داگیرکارێکی وەکو هیتلەر بە جۆشدەری کووانوی هولۆکۆست و**

بکوژی جووەکان بە ناوبانگە."لە ساڵی ١٩٤١ ڕێبەرانی نازی(کۆتا ڕێگە چارەیان دۆزیەوە):کوشتاری هەموو یەهوودییەکانی ئەوروپا..کوورەی گاز لە ئۆردگان بەکارهات و شەش ملیۆن جوو لەناوچوون"(ئاپلێین پیرسۆن،٢٠١٧، ٢٠).بەڵێ، نازییەکان بە سەکردایەتی هیتلەر بەربوونە گیانی جووەکان و کۆکوژییەکانی خوێنەویانیان لێکردن. بەمەش(هیتلەر)ملوانکەی نەمری خستۆتە گەردنی خۆی لە مێژووی ڕەشدا ناوی خۆی تۆمار کرد. وەڵی گەر هۆزانڤانێک یان یان هونەرمەندێک یان کەسێک خاوەن دیدە و بۆچوونێکی جوان و بەسوود بێت، دەتوانێت بەشێوەیەکی تر پارچە وونبووەکانی نەمری،لە دەوربەری خۆی کۆبکاتەوە، بۆ نموونە هۆزانڤانێکی وەک(ئەحمەد هەردی)ئەگەرچی خاوەن کەمترین بەرهەمی وێژەییە، لە چاو شاعیرانی تر، توانیەتی بەو کەرەستە کەمانەوە خۆی بگەیێنتە ترۆپکەی نەمریی.

## نەمری،لە قورئانی پیرۆزدا:

پەرتووکە ئاسمانییەکان، بەوە ناسراون، کە لە ئاسمانەوە دابەزیووەتە سەر زەوی و پڕن لە ئاموژگاری و دانایی. لە نێو پەرتووکە ئاسمانییەکانیشدا، قورئانی پیرۆز یەک لەو کتێبانەی کە پڕ لە ورد زانیاریی و لە گۆشەنیگایەکەی زانستییەوە لێبڕوانین، چەند زانیاری و شتی بەسوودی تێدا بەدی دەکەی. قورئانی پیرۆز، یەکێکە لەو کتێبە ئاینییە، هەرە دەوڵمەند و پڕ زانیاریانەی کە لەلایەن یەزدانی مەزنەوە نووسراوە و بۆ بڕوادارانی ئاینی ئیسلام دابەزیوە و موسڵمانان دەتوانن لە کاروباری ڕۆژانەدا کەڵکی لێوەبگرن بۆ ئێستا و بۆ دواڕۆژییان.

قورئانی پیرۆز، پەرتووکی سەرەکی ئاینی ئیسلامە و لەلایەن خوای گەورەوە، بۆ پێغەمبەری ئیسلام درودی خوای لەسەر بێت دابەزیوە. پەیڕەویکەرانی ئاینی ئیسلامیش بۆ کاروباری ڕۆژانە و ژیانیان دەگەڕێنەوە بۆ ئەو پەرتووکە و سوودی لێدەبینن. قورئانی پیرۆز تەنها پەرتووکێک نییە، یەکاویەک تەرخان کرابێت بۆ ئاین و تەنها ئامۆژگاری لە خۆ بگرێت، بەڵکو لە نێو چەند بواری تردا توێژینەوەی تێدا دەکرێت، بە تایبەتی زانستە مرۆڤایەتییەکان وەک: وێژە و زمان و فەلسەفە و یاسا...، لە گرنگترین دیارترین بابەتەکان کە قورئانی پیرۆز ئاماژەی بۆ کردووە، بریتییە لە نەمری و جۆرەکانی نەمری مرۆڤ.

‘‘سزای هەتاهەتایی گوناهباران ڕەگ و ڕیشەی لە ئایەتەکانی قورئان و دابونەریتی ئیسلامیدا هەیە. بۆ کوێ بچین، عەقڵی مرۆڤ نەک هەر دەتوانێت سنوورێک بۆ سزای حەتمی گوناهەکانی سنووردار بکات، بەڵکو بە پێچەوانەی ئایەتەکانی دیکە، ئایەتگەلێک هەن کە بەڵێنی لێخۆشبوونی خودا دەدەن و نزیکەی هەمان ئایەت هەن کە ئاماژەن بۆ سزای هەتاهەتایی.(محمد حسین دەهقانی محمود آبادی، محمد رضا بالنیان، ١٣٨٩، ١٣٦)لە قورئانی پیرۆزدا،لە چەند شوێنێك ئاماژە بە (نەمری)کراوە، بەوشەکانی (خالد، خلد، خالدون، خالدین، خالداً،...)کە هەموویانیش سەرچاوەی دروستبوونییان پەیڤی(خلد)و لەو پەیڤەوە وەرگیراون. هەموویشی بە مانای نەمری و هەتاهەتایی دێت لە دوو شوێندا، ئەویش لە دۆزەخت و بەهەشت. یان(نەمری)بە چەشنێکی تر هاتووە لە قورئانی پیرۆزە، ئەویش بە مانایی نەمری و زیندوویەتی خودایە. کەواتە: دەستەواژەی نەمری و یان ئەو وشانەی کە مانای نەمری دەگەیەنن، بە سێ مەبەست هاتوون، لە قورئانی پیرۆزدا:

١. بە مەبەستی ئاماژەدان بە گوناحباران بەوەی تا هەتاهەتایی دەخرێنە دۆزخەوە لە پاداشتی ئەو کار و کردەوانەی کردوویانە. لە هەموو ئاینێکدا، پاداشت و سزا هەیە. ئاینەکان خراپەکاران بە سزا دەتۆقێنن و چاکەکاران بە پاداشت شادومان و دڵنیا دەکەنەوە. لە قورئانی پیرۆزیشدا،بەم شێوەیە ئاماژە بە ئەهلی دۆزەخ کراوە"ئاگرەکە(دۆزەخ) هەتاهەتاییە، نە لەناو دەچێت و نە لەناو دەچێت و خەڵکەکەی تیایدا نەمرن و تەنها ئەو کەسەی لێی دەمرێت لێی دێتە دەرەوە گەورەن دوای ئەوەی پاککراونەتەوە. سەبارەت بە کافر و موشریکەکان، ئەوان ئەهلی ئاگرین کە تێیدا دەمێننەوە، نە دەڕۆن و نە لەناودەچن. ئەمە بیروباوەڕی ئەهلوسوننەتی کۆمەڵە.(بدیعة السیهان،٢٠١٩، ١٧٠٨)بۆ نموونە لە سورەتی (النساء)،خودا گەورە ئەفەرمووێت:
وَمَنْ يَقْتُلْ مُؤْمِنًا مُتَعَمِّدًا فَجَزَاؤُهُ جَهَنَّمُ خَالِدًا فِيهَا ﴿٩٣ النساء﴾واتا:هەر کەسێک موسڵمانێک بە ئەنقەست بکوژێت، ئەوە پاداشتی دۆزەخە و تا هەتاهەتاییە تێدا دەمێنتەوە.

٢.بە مەبەستی ئاماژەدان بەوەی، کە چاکەکاران بەوەی هەتاهەتایی لە بەهەشتی بەریندا دەمێننەوە، لە پاداشتی ئەو کار و کردەوە چاکانەی وەها کردوویانە لە ژیانیاندا. "هەموو ئایینە کۆنە و تازەکان، ئەوانەی کە ئاسمانین، وشە و حاڵەتی

نەمری بەو کەسانە ڕەوا دەبینن، کە لە سایەی چاکە و پەیڕەوکردنی ئاینەکانیان، لەو دنیا لە بەهەشت، هەمیشە و نەمر دەبن. هەروەها ئەوانەشی کە لە ئایین لا دەدەن و سەرپێچی لە جێبەجێکردنی فەرمانەکانی ئاینەکەیان دەکەن، ئەوانیش لە دۆزەختدا بەردەوام و نەمر دەبن. (مەولود ئیبراهیم حەسەن،٢٠٠٢، ١١٨).لە سوورەتی (البقرة)دا، ئەفەرمووێت: وَبَشِّرِ الَّذِينَ آمَنُوا وَعَمِلُوا الصَّالِحَاتِ أَنَّ لَهُمْ جَنَّاتٍ تَجْرِي مِن تَحْتِهَا الْأَنْهَارُ ۖ كُلَّمَا رُزِقُوا مِنْهَا مِن ثَمَرَةٍ رِّزْقًا ۙ قَالُوا هَٰذَا الَّذِي رُزِقْنَا مِن قَبْلُ ۖ وَأُتُوا بِهِ مُتَشَابِهًا ۖ وَلَهُمْ فِيهَا أَزْوَاجٌ مُّطَهَّرَةٌ ۖ وَهُمْ فِيهَا خَالِدُونَ﴿٢٥ البقرة﴾واتا:"وە مژدە بدە(ئەی محمد) بە وانەی بڕوایان هێناوە و کردەوەی باشەکانیان کردووە (شێخ مەحەمەدی خاڵ،١٩٦٨، ٨٢)."کە بێگومان بۆ ئەوان هەیە بەهەشتانێک کە جۆگەی ئاوی زۆر تێیدا بە ژێریانا ئەڕوات. هەرچەندە لەوێ خواردەمەنییەکانیان بدرێتی لە میوەهات ئەڵێن ئەوەیە کە تۆزێک لەمەپێش دایانێنێ، وە خواردەمەنییان یەکتریادا، وە بۆ ئەوان هەیە لەو بەهەشتانە و ژنانی پاکیزە،وە ئەوان تێیدا هەتاهەتایین(هەمان سەرچاوە،٨٣)

٣.بە مەبەستی ئاماژەدان بەوەی خوای گەورە زیندوو و نەمرە و هەر خودا خاوەن دەسەڵاتی ڕەهاییە. خودا بوونێکە(وجودێکە)لە نەمری و نەمربوون و هەمیشە زیندوو مانەوەی خودا، گەورەترین تایبەتمەندی خودای باڵا دەستە. خودایەک، کە بمر بێت و دوای ماوەیەک بوونی یەکسان بێت بە خۆڵەمێش ئەوە هەرگیز خودا نەبووە، چونکە خودا نەمرە. پێویستە ئەوەش بوترێت، کە(حي)یەکێکە لە ناوەکانی خودا و زۆرجاریش (حي و لايموت)واتا زیندووە و نامرێت. هەروەها، خودایی گەورە لەقورئانی پیرۆزدا دەفەرموێت:اللَّهُ لاَ إِلَهَ إِلاَّ هُوَ الْحَيُّ الْقَيُّومُ...(255)سورة البقرة. واتا: جگە لە خودا هیچ خودایەکی تر نییە، کە شایەنی پەرستن بێت و هەردەم زیندوو و سەرپەشتیارە. وشەیی(حي)بەمانای زیندوو دێت، کەواتە زیندوو مانەوە و پارێزگاری کردن لە زیندوویەتی خود، سەرەتاترین هەنگاونانە بەرەو نەمری و نەمربوون. خوداش وەکو بوونێک(ووجودێک) هەردەم زیندوو و نەمرە.

## تەوەری دووەم:

١.نەمری لە شارستانیەت و ئاینە کۆنەکاندا.

٢.نەمری،لە شارستانیەتی سۆمەری کۆندا،(داستانی گلگامێش بە نموونە).

٣.گرێی نەمری، لە داستانی(گلگامێش)دا.

٤.نەمری لە شارستانیەتی میسری کۆندا.

٥.نەمری،لە شارستانیەتی میسری کۆندا

٦.نەمری و پایەی نەمری، لە ئاینی زەردەشتییدا.

## ئەمری لە شارستانیەت و ئاینە کۆنەکاندا:

ڕەگ و مێژووی ئەمری، دەگەڕێتەوە بۆ شارستانیەت کۆنەکان و بیرکردنەوە سەرەتاییەکانی مرۆڤ، چونکە لەوکاتەوەی مرۆڤ هۆشی هاتۆتە بەر خۆی و بیری کردۆتەوە، هەمیشە ترسێکی نەبڕاوەی هەبووە لە مردن و ویستوویەتی، ئەو ترس بە شتێک پڕ بکاتەوە، بێگومان باشترین کەرەستەش بۆ پڕکردنەوەی ئەوە ترسە، بریتیی بوو، لە خەیاڵکردنی ئەمری. لەم تەوەرەدا،هەوڵ دەدەین، بە کورتی و خێرایی ئاماژە بەو شارستانیەتە کۆنانە بدەین، کە بیرۆکە ئەمریی تێیاندا وێنەی داوەتەوە، لە گرنگترین ئەو شارستانیەتە کۆنانەی گرنگییان بە بابەتەکانی ئەمری داوە:

## ئەمری،لە شارستانیەتی سۆمەری کۆندا،(داستانی گڵگامێش بە نموونە):

هەندێک لە سەرچاوەکان باس لەوە دەکەن، کە سۆمەرییەکان کورد و بەشێکن لە شارستانیەتی کۆنی کورد، بەڵام بە هەر هۆکارێک بێت، بەرەو دۆڵی میزۆپۆتامیا کۆچییان کردووە، بەڵگەکانیش تەنها بەڵگەی دەستکرد و مێژووی نیین، بەڵکو بەڵگەی زمانین و جوگرافیین. هەروەها، لەم بارەیەوە(هاوڕێ باخەوان)دەڵێت:" سۆمەرییەکان نە بولگارین و نە لە ناوچەکانی دۆڵی سند و باشووری بلوخستانەوە هاتوونەتە دەشتی لیتەییەوە، بنەچە و نەژادی ئەم سۆمەرییانە دەگرێتەوە بۆ ناوچەکانی زاگرۆس کە ئێستا(کوردستان)ی پێدەڵێن."(هاوڕێ باخەوان،١٩٩٦، ٧٠) مرۆڤ لە ڕابرووودا، وەکو چۆن باوەڕی بە خواوەند و هێز و توانای خواوەندەکان هەبوو، ئاواش باوەڕی بەوە هەموو هەندێک لەو خواوەندانە ئەمرن و بۆ هەتاهەتاییە دەژین. چونکە ئەو خواوەندانە، لەلایەن خوداوە هێز و توانای ئەمرییان پێ بەخشراوە. یەکێک لە دیارترین و کۆنترین ئەو داستانانەی کە ئەمری تێیدا ڕۆڵی خۆی دەگێریت و ئەمر چەقی داستانەکەیە، (داستانی گڵگامێش)ە. گڵگامێش پاشایی(ۆروک)، تا بڵێی پاشاییەکەی زۆردار و خۆسەپێن بووە و ستەمی زۆری لە گەلەکەی کردووە. ئەم هەموو ستەمەش، دەگرێتەوە بۆ ئەو دەسەڵات ڕەها و تاکڕەوی بە پاشا دراوە.کورتەی داستانەکە بەمشێوەیە:

چیرۆکەکە ،" لە بارەی پاشای(ئۆرۆک)ەوەیە،کە سێ بەشی خواوەندە و شێ بەشی تری مرۆڤ. بەهێز و قۆز و دانایە،بەڵام زۆردار بوو، لەبەرانبەر گەلەکەی.

هەروەها (ئەنکیدۆ) مرۆڤێکی سەرەتایی بوو و خودا دروستی کرد بوو، بۆ وەستاندنی ئەو ستەمەی کە گڵگامێش لەبەرانبەر گەلەکەی دەیکات. پاشان(ئەنکیدۆ)بوو بە پیاوێکی پێشکەوتوو پاشا ناسینی سۆزانییە پیرۆزەکە و وازی لە ژیانی سەرەتایی هێنا.پاشان گەشتی کرد بۆ ۆرۆک و ڕووبەری گڵگامێش بوویەوە.سەرەڕای بردنەوەی گڵگامێش،بوون بە هاوڕێی یەکتری. پێکەوە چیرۆکێکی ئەفسانەیی تۆمار دەکەن،ئەوەش هەڵدەستن بە لەناوبردنی پاسەوانی دارستانەکە،کە ناوی(همبابا یان خمبابا) و دارە پیرۆزەکانیان بڕیەوە. پاشان عشتار هات پیریانەوە، خواوەندی منداڵبوون و سێکس و جەنگ،بە تاڵەمووی ئاسمان،بۆ ئەوەی سزای گڵگامێش و ئەنکیدۆ بدات،لە پای ئەو کارانەی کردوویانە.پاشان ڕووبەرووی گڵگامێش و ئەنکیدۆی بوویەوە،لەبەر ئەوەی گڵگامێش نیوەی خواوەندە،بۆیە تەنها بڕیاری کوشتنی ئەنکیدۆی دا.

پاشان گیلگامێش بۆ هاوڕێیەکەی دەگری و فرمێسک دەڕژێت و لەسەر ڕووخساری سەرگەردان دەبێت، دواتر تووشی خەمۆک دەبێت. دەست بە گەشتێکی دوور و درێژ بۆ دۆزینەوەی نهێنی ژیانی هەتاهەتایی دەست پێدەکات، لەگەڵ ئۆتۆ-ناپشتیم، تاکە ڕزگاربووی لافاوەکەی گەورەیە، لە کۆتاییدا بۆی دەردەکەوێت کەواتە: ئەو ژیانەی تۆ بەدوایدا دەگەڕێیت، نایدۆزیتەوە، چونکە تەنها ئەو ژیانە، کە بەدوایدا دەگەڕێیت، نایدۆزیتەوە، چونکە خوداوەندەکان کاتێک مرۆڤیان دروستکردووە، کاتێک مرۆڤیان دروستکردووە، مردنیان کردە چارەنووسی خۆی، گیانی ئەویان بە دەستەوە هەڵگرت، مردنیان کردە چارەنووسی خۆی، ژیانی ئەویان بە دەستەوە هەڵگرت"(احمد ترکی،٢٠١٩، ٥٦)

داستانی گڵگامێش، لەلایەن مێژوونووسانەوە، بە کۆنترین داستانی دۆڵی میزۆپۆتامیا دێتە هەژمار و لەسەر تاتەقوڕینە نوسراوەتەوە. وەکو لەسەرچاوەکان ئاماژەی پێکراوە، کە گڵگامێش یەکێک بووە، لە پاشاکانی سۆمەری و "مێژووی ئەم داستانە، دەگەرێتەوە بۆ زیاد لە ٤٠٠٠ ساڵ، هەروەها ڕووداوەکانی دەگەڕێتەوە بۆ سەردەمەکانی پێشووتریش، وەکو ڕەوشتە بەرزە

ناوبانگەکان، کە تا هەنووکەش نەمرە و لە هەموو سەردەم و شوێنەکاندا بانگەوازی ئینسانی گشتی هەیە، چونکە ئەو پرسانەی کە مامەڵەی لەگەڵدا کردووە، هێشتا مرۆڤ داگیر دەکات و بیردەکاتەوە و لە ژیانی سۆزداری و فیکریدا دەلەرزێت، ئەمەش وایکردووە دۆخ و ڕووداوەکانی وروژێنەر و دڵی دڵگیر بێت"(طه باقر، ٢٠٠٩،١١)هەندێک لە بۆچوونەکان وایی بۆ دەچن، کە کەسایەتی سەرەکی نێو داستانی گڵگامێش،کە مەبەستی لێی کە خودی گڵگامێشە کورد بێت، ئەویش ئەوە دەکاتە بەڵگە کە داستانی گڵگامێش هەرچەندە داستانێکی سۆمەریە، بەڵام"وشەی گڵگامێش لە هیچ زمانێکدا مانای نیە، بەڵام لە کوردی دا مانی "کەڵەگامێش" واتە گامێشی نێر، "کەلەگامێش" واتە سەرەگامێش، یان " گەڵ گامێش" واتە گامێشی ناو گەڵ و لێرەوار دەدات. جێگای زانینە گەلی کورد لە کۆندا مرۆڤی زیاتر بە ئاژەڵ چواندووە و بۆ کەسانی ئازا، ناوبانگی ئاژەڵێکی بوێری بۆ داناوە. بۆ نموونە: لە سەردەمی ئێستاش لە دێهاتەکان ئەمە بەکاردێن کە "فڵانکەس دەڵێی کەڵە" واتە زۆر بەتاقەتە، یان دەڵێن "فڵانکەس دەڵێی شێرە" واتە زۆر بەخیرەتە. تەنانەت ناوی شێرکۆ کە بۆتە ناوی مرۆڤ سەرچاوەی چواندنە بە شێر، کە ئاژەڵێکی بەخیرەتە.ناوی گڵگامێش بۆ هەمان مەبەست بەکار هاتوە. لەو کاتەدا زۆرینەی ئاژەڵەکان کێوی بونە و کەڵەگامێش لە ناوچەی کوردستاندا بەتاقەتترین و بەخیرەتترین ئاژەڵی ناوچەکە بوە، بۆیە ئەم ناوە بۆتە ناسناوی کەسێک. کەواتە دەکرێت بە شانازیەوە بڵێین کە گڵگامێش و سۆمەریەکان کورد بونە و شارستانیەت لە کوردەوە بۆ هەمو جیهان دەستی پێکردوە و نەتەوەی کوردیش هەمیشە لە سەر ئەم زێد و نیشتمانە ژیاوە.(هاوڕێ قەندیل،٢٠١٣،لینک) کەواتە دەکرێت وشەی (گڵگامێش)لە وشەی(کەڵەگامێش)ەوە وەرگیرابێت، وەکو دەزانین مۆرفێمی(کەڵە)مۆرفێمکی پاشگربەندە و لە پێش مۆرفێمەکانی ترەوە دێت و بۆ زیاتر گەورەکردنی شتەکان بەکاردێت و لە وشەسازییدا ڕۆڵی هاوەڵناو دەبێت، بۆ نموونە دەوترێت:(کەڵەپیاو، کەڵەئاسک،...) و هەر ئەمەش، بە پێی تێپەڕبوونی مێژوو و هەڵکشان و داکشانە زمانییەکان، گۆڕانی وشەسازییانەی بەسەردا هاتبێت و بووبێت بە(گڵگامێش). هەرچەندە لە فەرهەنگی ئێستایی زمانی کوردییدا، مۆرفێمی(گڵ)مانایی هەیە و بە مانای (خاک و خۆڵ)دێت، مەبەست لەوەیە:کە خاک و گڵی گامێشەکانە. دەبێت ئەوەش بوترێت کە لە زمانی عەرەبییدا ِپیتی(گ)نییە و عەرەب بە(جلجامش) ناوی دەبات. چونکە (ئەکیندۆ)کە هاوڕێی گڵگامێشە،" زۆرجار لە هونەردا لە جەستەیەکی ئاڵۆزی سەر و سنگی مرۆڤدا، و دابەشبوونی، نوێنەرایەتی دەکرێت، بنەکەی (بەتایبەت پشتی) لە شێوەی گایەکدایە، و ئەو جلی قۆچەکانی لەسەر

سەری لەبەر دەکات کە وتمان نیشانەی خودایی و نیشانەی پیرۆزی بوو"(طه باقر،١٦،٢٠٠٩)

ڕەنگدانەوە نەمری و هەوڵدان بۆ نەمربوون و عەوداڵبوون، بۆ نەمری هەتاهەتایی، یەکێکە لە هەرە گرنگترین ئەو شتانەی لە نێو داستانەکەدا تیشکی خراوەتەسەر، ئەمەش، لە بەشی سێیەم داستانەکەدا بەدی دەکرێت، ئەو دەمەی (ئەنکیدۆ)هاوڕێ و هاوسەنگەری(گڵگامێش) دەمرێت، لەودەمدا گڵگامێش ترسێک دایدەگرێت، ئەو ترسەش ترسە لە مردن. پاشان بۆ ئەوەی پلەی خواوەندی بە دەستبهێنیت و ڕزگاری بێت لە مردن، چەندین هەوڵ و تەقەلا دەدات. بەڵام گڵگامێش لە هەوڵ و تەقەلای نەمریدا، دووچاری نسکۆیەکەی گەورە دەبێت و ئەوە بەدوای دەگەڕێت و بۆ عەوداڵ تەنها خەونێکی سەرابینە و هیچ تر نییە. ئەم داستانەش ئەوە دەگەیەنێت، کە نەمری و مانەوەی هەتاهەتایی بۆ کەس دەستبەر نەکراوە و ناکرێت. بەڵکو مرۆڤ لە ڕێگە کار و داهێنان و هەوڵدانەکانییەوە، دەتوانێت ناو و نازناوی خۆی بۆ خۆی کۆبکاتەوە.

## گرێی نەمری،لە داستانی(گڵگامێش)دا:

لە زمانی کوردییدا، گرێ بە مانای پێکەوە بوونی دوو شت دێت، یان زیاتر دێت. بۆ نموونە(گرێدانی حەبل)یان (گرێدانی بەنەخوێن). هەروەها، وشەی گرێ دەتوانێت بەبێتە یارمەتدەرێک، بۆ دەوڵەمەندکردنی فەرهەنگی زمانی کوردی و داڕشتنی چەندین وشەی نوێ وەکو:(گرێبەست، گرێکوێرە، گرێدار،گرێبەرانە ،هتد...).وەکو(ئیبراهیم سەعید)ی گۆرانبێژ دەڵێ:

زۆڵفت ماری گرێ گرێ

ڕێگە لە ڕێبوار دەگرێ

هونەرمەند زۆڵفی یاری بە ماری گرێ گرێ چوواندووە و هونەرێکی ڕەوانبێژی دانسقە و تایبەتی بەرهەم هێناوە.

لە ڕستەسازیشدا، گرێ بە وشەیەک یان چەند وشەیەک دەوترێت کە پێکەوە دێن، چونکە گرێ یەکێکە لە دوو ئاستەکەی ڕستەسازیی و پاش ڕستە دێت.

نموونە:

دڵی من غەمگینە

لەم ڕستەیەدا،(دڵی من)گرێی ناوییە.

هەروەها، لە زانستی پریشکیدا، گرێ پانتایەکەی فراوانی داگیر کردووە، چەندە جۆرێ گرێمان هەیە، وەک گرێی مەمک،کە هەندێک کات دەبێتە هۆکاری شێرپەنجەی مەمک و یان ڕەحم و گرێی مل. بەڵام لە دەروونناسییدا،(گرێی نەمری) نەخۆشییەکەی دەروونی کۆن و هەستپێنەکراوە. گرێی لە دەروونناسییدا، بەم شێوەیە پێناسە کراوە"گرێ بەشێکە لە کەسایەتی کە خاوەنی ئاڵۆزیەکی جیاواز و یادەوەرییەکی تایبەتە"(روجیە موکیالی،١٩٨٨، ٤٦). هەروەها، دەتوانین چەندین گرێی تر دەستنیشان بکەین لە دەروونناسیدا، بۆ نموونە وەکو گرێی ئۆدیب و گرێی ئێکسترا و گرێی خۆبەکەمزانین و ...،(گرێی ئۆدیب)یەکێکە لەو گرێیانەی کە لەلایەن فرۆیدەوە، دەستنیشان کراوە."پێناسەیەکی سادە و ساکار،کە پێی دەناسرێتەوە بۆ(گرێی ئۆدیب):ئارەزووی قەدەغەکراوی هەبوونی دایک و ئارەزووی کوشتنی باوک"(مفیدە قیطون،٢٠١٥، ٢٦).ئەم گرێیە، لەلایەن منداڵی کوڕەوە دروست دەبێت،ئەو دەمەی منداڵ دەچێتە نێو تەمەنی هەرزەکاریەوە و هۆرمۆنە سێکسیەکانی پەیدا دەبێت و زیاتر گرنگی بە دایکی دەدات و ئەمەش هەندێک کات، پەل دەکێشێ بۆ ئەم گرێیە.گرێی ئێکسترا، پێچەوانەی گرێی ئودێبە، چونکە گرێی ئێکسترا ئەو دەمە پەیدا دەبێت،کە کچ گەورە دەبێت و هەستە سێکسیەکانی لەبەرانبەر باوکی پەیدا دەبێت و وای لێدەکات ڕقی لە دایکی بێتەوە، لەبەر ئەوەی وا هەست دەکات، کە باوکی داگیر کردووە.

هەروەها گرێی خۆبەکەمزانی،"ئەمەش یەکێکە لە گرێ دەروونییە گەورەکان و بەهۆی ئەو کەمورتییە بچووکانەوە کە لە مرۆڤەکاندا هەن، هەندێ کات جڵەوی بیرکردنەوە و تێهزرینی ئەو مرۆڤ بەرەو دۆڵی بیرکردنەوەی نەرێنی دەبن و لە بیابانی خۆبەکەمزانین بەرەڵای دەبێ.(عومەر عادل،٢٠٢٢، لینک...)کەواتە، لە ژێر ڕۆشنایی گرێی دەروونییدا، پێناسەی(گرێی نەمری)بکەین و بڵێین: ئەو

گرێییە، لە ئەنجامی ترسێکی قووڵەوە لە مردن پەیدا دەبێت و کەسی تووش بوو،

هەردەم کەڵکەڵەی نەمری لا دروست دەبێت. ڕەنگە سەرەکیترین هۆکاری دروستبوونی ئەم گرێییە، ترس و دڵەڕاوکێ بێت، بەشێوەیەکی زۆر گەورە. چونکە " دڵەڕاوکێ و ترس لە هەست و سۆزە سەرەتاییەکانی مرۆڤ، کە هاوواتای یەکن و بەپێی ڕوانگە دەروونییەکان پەیوەندییان بەیەکەوە هەیە.(د.احمد محمد عبدخالق،١٩٨٧، ٢٥).

بەدرێژایی مێژووی مرۆڤ، نەمری ئەو مەتەڵە بووە، کە نەتوانراوە هەڵبهێنرێت. لە بەرەبەیانی سەرەتاکانی مێژوودا، هەندێک لە مرۆڤەکان ئەمەندە گرنگییان بە نەمری داوە و لە ئاکامدا پێی نەگەیشتوون،تووشی گرێی نەمری هاتوون، ئەم گرێیەش گرێیەکی دەروونییە و لە ئەنجام ئەو بیرکردنەوە زۆرەوە پەیدا بووە، لە بارەی نەمرییەوە. ڕەنگە هەر بەهۆی ئەو شکستەیانەوە بێت، هاتوون بۆ خاڵیبوونەوەیان لەو گرێ دەروونییە، خوویان داوەتە نووسینەوەی ئەفسانە و داستانەکان و تێکەڵکردنی نەمری لەگەڵ بابەتە فەلسەفییەکاندا .مرۆڤەکان ئەو دەمەی دووچاری ئەم نەخۆشییە دەبنەوە، کە ترسییان بەرەو ڕێرەوە تاریکاییەکانی مردن زیاتر دەبێت و ڕەشایەکی یەکجار گەورە، تەمی ژیانیان دادەگرێت. گرێی نەمری، زۆرتر لەلایەن خاوەن هێز و دەسەڵاتەکانەوە سەر هەڵدەدات، چونکە ئەوانەی خاوەن هێز و دەسەڵاتن، حەز دەکەن، بۆ ماوەیەکەی زۆر لەسەر کورسی دەسەڵات دانیشن و پەرە بە خۆسەپاندنی خۆیان بدەن. هەر ئەو هێز و دەسەڵاتەش، یەکێکە لەو هۆکارانەی،کە مرۆڤەکان بەرەو بیرۆکەی دەبات. ئەمەش بە تەواوەتی لە داستانی گڵگامێشدا ڕەنگی داوەتەوە، چونکە گڵگامێش،خاوەن دەسەڵاتێکی ڕەها و تاک بوو. ترسیشی لەوە هەبوو، کە مردن بەبێتە هۆکار بۆ ئەوەی هەموو دەسەڵات و هێز و تەختی پاشاییەکەی لە دەست بچێت. یان یەکێکی تر،لەو هۆکارانەی کە وایان کردووە، گڵگامێش بە دوای نەمریدا عەوداڵ بێتە و دوڵودوڵ و شاخوشاخ بگەڕێت بە دواییدا و ئەم گرێییەی تێدا دروست بێت، تۆقین و شۆکی بوو، لە بەرانبەر مردنی (ئەنکیدۆ)هاوڕێیدا

"مەرگ ڕەهەندێکی دەروونی بۆ نووسەران و شاعیران دروستکردووە و بووەتە پرسیارێکی فەلسەفی لای زۆربەری ئەدیب و فەیلەسوفان و بە پێی مێژووی مرۆڤایەتی دەبینین کە کەسانێکی زۆر لە مردن هەڵهاتوون و لە ئەفسانە کۆنەکانیشدا داستانی گلگامێش بەدوای دەرمانێکدا گەڕاو کە نەمری

پێبەخشێت"(حسن سرباز، مەریوان حسێن فەرحان،٢٠١٩، ١٣٤) ئەمەش ئەوە دەگەنێت، لە گەورەترین پاڵنەر کەوای کردبێت، زۆرێک لە کەسیاتییەکان بە درێژایی مێژوو کە دووچاری گرێی نەمری هاتوون، لە ئەنجامی ئەوە ترس و هەڵهاتنەوە بووە، کە لە مەرگەوە سەرچاوەی گرتووە.

## نەمر،لە شارستانیەتی میسری کۆندا:

نەمری مرۆڤ، بەچەن شێوەییەک گوزارشتی لێدەکرێت، هەندێ بە مانایی ژیانی هەتاهەتایی پاش مردن دێت و هەندێک جارێک مانەوەی هەتاهەتایی لە ژیانی ئێستادا دێت. زۆربەی بیروباوەڕە کۆنەکانی سەردەمانی زوو باوەڕییان بە نەمری هەبووە،وەکو ڕاستییەک لێیان ڕوانیوە، نەک ئەفسانە. بەڵام هەرگیز نەیانتوانیت دەستییان بەو نەمرییە بگات و کاری لەسەر بکەن، مەگەر تەنها لە چوارچێوەی داستان و ئەفسانەکاندا نەبێت.

وەکو ئاگادارین، میسر لە کۆندا خاوەن شارستانییەکەی دەوڵمەند و پڕ بەها بووە و خاوەن شارستانیەتی پێشکەوتوو بووە، هەرەمەکانی میسر گەورەتر گەواهیدەری زیرەکی و بلیمەتی ئەوسایی میسرن. گەلانی ئەوسای میسر هەر لە چاخی بەردینەوە بیرباوەڕی خواپەرەستی لە ناویاندا سەرهەڵداوە و گەلێکی فرەخوای بوونە، چونکە زیادە لە پێویست خواوەندییان هەبووە و بۆ هەر شتێک خواوەندێکی تایبەتییان داناوە.

بابەتەکانی نەمری و ژیانەوە، یەکێک بووە لە گرنگترین ئەوە بابەتانەی کە میسرییە کۆنەکان خۆی پێیەوە سەرقاڵ کردووە. لە میسردا"نەمری بیرۆکەیەک کە لە تاوەکانی سەردەمی بەرددا چەماوەتەوە وەک بیروباوەڕی خاوەنی عەقڵ، و عەقڵی کۆتایی سەردەمی بەردینی نوێ وەلید ـ لە لە (نەقەدە) باکووری (تیبس) بەخاک سپێردرا. مردووەکەی نیشانەی لەدایکبوونی دووبارەیە لە جیهانێکی نوێدا.(ابکار سقاف،٢٠٠٩، ٤٩) بۆ نموونە میسرییەکان گرنگییان بە مۆمیاکردن داوە و هەندێک کاتیش خشڵ و زێرییان لەگەڵ مردووەکەدا ناشتووە، چونکە باوەڕییان بە نەمری و زیندووبوونەوە هەبووە. مۆمیاکاری و مۆمیاکردن، دیاردەی هەرە باوەی نێو شارستانیەتی میسری کۆنە."هەرچەندە کرداری

مۆمیاکردن لەلایەن میللەتانی تریشەوە ئەنجام دراوە،بەڵام میسرییەکان لە هەموو میللەتانی دنیا باشتر و زانستیانە تر ئەنجامیان داوە."(کەلسومە جەمیل، ٢٠١٧،١١٦) وەکو وتمان فرەخوایی یەکێک بووە، لە سیمای دیارەکانی شارستانیەتی میسری کۆن، ئەوە خواوەندەش کە تایبەت بووە بە کاروباری مردن و لێپرسینەوە دوای مردن.ناوی ئەوە خواوەندەش(ئۆزێریس)،کە پاش ئەوەی مرۆڤەکان دەمردن و دەچەنە جیهانێکی ترەوە،بە پێی بیروباوەڕی میسری کۆن،لەلایەن ئەم خواوندەوە مامەڵەی کار چاک و خراپەکانیان لەگەڵ دەکرێت. هەروەکو چۆن لە ئاینی ئیسلام مرۆڤ پاش مردنیان بە پێی کارە چاک و خراپەکانیان پاداشت و سزاییان دەدرێتەوە، بە هەمان شێوە بیروباوەڕی کۆنی میسرییەکان بەم شێوەیە بوو، بەڵام لە فۆرمێکی جیاوازتردا، چونکە لە ئاینی ئیسلامدا، مرۆڤەکان کاتێک دەمردن لە گۆڕەپانی زیندووبونەوەدا، لەلایەن خوداوە کارەکانیان دەخرێتە تای تەرازوو و مامەڵەی لەگەڵدا دەکرێت، بەمەش زەقترین جیاوازی لە نێوان ئەم دوو ئایندا بەدی دەکرێت، ئەوەش ئەوەیە: کە ئاینی ئیسلام باوەڕی بە یەکتاکپەرەستی هەیە،بەڵام بیروباوەڕ کۆنەکانی میسر بۆ هەر شتێک خوداییەکی تایبەتیان داناوە.

ئەم ئەفسانەیە، (مەبەست لە ئۆزیریس)، لە دونیابینی ئاینی میسرییەکاندا، بە خواوەندێکی نەمر دادەنرێت، چونکە لە پاش مردن زیندوبۆتەوە. هەروەها"ئۆزیریس خاوەن دوو کارە: خواوەندی کشتوکاڵە،ئەرکی پێکەوە لکاندنی تۆوەکانە، کە دەچێنرێن و گەشە دەکەن. ئێمە هەمیشە بە مۆدێلەکانی ئۆسیریس و ئەو گەشەکردنەی کە لە گۆڕەکاندا دەیدۆزینەوە، لە دەوڵەتی مۆدێرنەوە دەست پێدەکات، ئەمەمان بیردەخرێتەوە، لە هەمان کاتدا لە دەوڵەتی کۆنەوە، مۆدێلی پاشایە بۆ مردن"(فرانسواز دونان،١٩٩٧،٥٧). (ئۆزیریس)لە ئەفسانەکەکاندا بە چەندین شێوە باسی لێوە کراوە،بەڵام کورتەی ئەفسانە بەم چەشنە:بەپێی ئەفسانەی میسری، ئەو لەلایەن سێتی برا خراپەکەیەوە کوژراوە کە هێمای خراپەیە، لەکاتێکدا کردەوەیەکی ڕێوڕەسمی ئەنجامدا کە تێیدا تابوتێکی نایاب نمایشکرابوو، ئامادەبووان تێیدا دەخەوتن، بەڵام تەنها بۆ ئۆسیریس گونجاو بوو ، ئیسیس گەشتەکەی دەستی پێکرد بە گەڕان بەدوای پاشماوەی مێردەکەیدا، و لە هەموو شوێنێک کە بەشێک لە جەستەی دەدۆزیەوە، میسرییەکان پەرستگاکانی وەک پەرستگای ئەبیدۆسیان دروست دەکرد، کە مێژووی ئەم ڕووداوە دەگێڕێتەوە، ئەبو رامسی دووەمی بەناوبانگ، فرێسکۆکان ڕوونی دەکەنەوە کە ئیسیس چی کردووە لە کۆکردنەوەی تەرمی ئۆسیریسدا، پاشان

پرۆسەی جووتبوونی نێوانیان بۆ لەدایکبوونی کوڕەکەیان، خوداوەندی هۆرۆس، کە بەرەنگاری تۆڵەسەندنەوەی باوکی دەبێتەوە لە مامی و بەهۆی سەرکەوتنی بەسەر مردندا، ژیانی هەتاهەتایی و خودایی بەسەر جیهانی دووەمدا بە ئۆسیریس بەخشی.(ویکیپیدیا)

## نەمری لە شارستانیەتی یۆنانی کۆندا:

یۆنانییەکان لە کۆندا خاوەن شارستانییەتی خۆیان بوون و لە بوارە جۆراوجۆرەکانی ویژە و زانست، بەرهەمییان پێشکەش کردووە.لە گرنگترین ئەو بوارانەش:فەلسەفە و بیناسازی و زمان و هۆنراوە و...هتد. یۆنان بە پێشەنگی زانست دادەنرێن لە جیهاندا و سەرچاوەی زۆربەی ئەو زانستانن،کە ئێستاکە لە جیهاندا ڕۆڵییان هەیە لە خزمەتی کردنی مرۆڤایەتی و کارئاسانی کردن بۆیان.یۆنان بە دڵی فەلسەفە دادەنرێت لە جیهاندا، چونکە بیرە فەلسەفەییەکان و فەیلەسوفە یەکەمەکانی جیهان، لەوێوە سەریان هەڵداوە.

یۆنانییەکان هەرچەندە خاوەن شارستانیەت و زانست و زانیاری خۆیان بوون،بەڵام لە بابەتەکانی نەمرییدا، زۆر سوودییان لە میسرییەکان وەرگرتووە. وەکو (هیرودۆت)دەڵێت:"میسرییەکان یەکەمین نەوە بوون، ناوی نەمری ڕۆحییان بردووە، پاشان ئاماژەییان بە ڕۆح گۆڕکێ داوە و یۆنانییەکان ئەم دیدگاییان بۆ خۆیان گواستەوە، هەندێکییان کۆن و هەندێکییان هاوچەرخ. هەروەها لە یۆناندا وایان پیشان دەدات،کە دیدگایی خۆیانە و خۆیان دایانمەزراندووە. منیش ناوی ئەو کەسانە ئەزانم کە ئەم کارەییان کردووە، بەڵام ئاماژەی پێ ناکەم.(هیرودۆت،١٩٦٦، ٢٤٧)بە پێی بۆچوونی ئەم مێژوونووسە یۆنانییە،میسرییەکان دامەزرێنەری بابەتەکانی نەمری ڕۆح و هەر لە نێو ئەواندا سەرچاوەی گرتووە و پاشان بڵاو بۆتەوە،بۆ ناو یۆنانییەکان،ئەوانیش کەڵکەکییان لێوەرگرتووە،لە بوارەکانی خۆیاندا.

دیارە گرنگیدانی یۆنانییەکان بە نەمری، لە چوارچێوەی ئەفسانەکاندا بووە. چونکە یۆنانییەکانیش، هەموو گەلانی ئەوسای خاوەن ویژەی فولکلۆری خۆیان بوون. پاشان هەر ئەفسانەی نەمرییە، وردە وردە بەرەو بابەتە فەلسەفییەکان

کشاوە، بۆ نموونە:"جیاوازی سەرەکی و بەشی بنەڕەتی لە نێوان خواوەندەکان و مرۆڤەکاندا،بەلای هۆمیرۆسەوە،ئەوەیە کە کۆمەڵەی یەکەم پشت بە نەمری هەتاهەتایی دەبەستێت و ڕێگە بە مرۆڤ نادرێت،لەو ژەمە بخۆن و بخۆنەوە،مەگەر پێشەکی لەبەرانبەردا شتێکی گەورە بکەنە قوربانی.ئەو نرخە گرانبەهایەش، پێویستی بە زەحمەتکێشان و چەرمەسەرییەکی زۆرە،تاکو دەگاتە رادەی مردن،هەروەها کەم لە مرۆڤەکان دەتوانن ئەم نرخ گرانبەهایە بدەن و لەسەر ڕێڕەوە باوەکە لادەدەن و سنووری مرۆڤە ئاساییەکان دەبڕن،بە توانا پاڵەوانێتیەکەیان و توانا خواوەندئاساکەییان.(د. إهلام املعتز باهلل عبد العظيم أبو اخلري،٢٠٢١، ٧٠٢)

چەندین فەیلەسوف و زانایی یۆنانی تر هەن کە بۆچوونییان لە بارەی نەمرییەوە خستۆتەڕوو و لێکدانەوەییان بۆ ئەم چەمکە کردووە، بە پێی توانا و بوارەکەی خۆیان. وەکو ئەفلاتوون و فیساگۆرس و سوقرات و ...بۆ نموونە سوقرات سێ بەڵگەی ئاوەزی هێناوەتەوە لە بارەی نەمری گیان:"قۆناغی دانانی پرەنسیپەکە گشتییە بە دەرهێنانی سروشتی کە پەیوەندیی نێوان سەرهەڵدان و نەمانی ئیگۆ نیشان دەدات، واتە چالاکییەکەی و لەناوچوونی، قۆناغێک بریتییە لە بەکارهێنانی ئەم بنەما گشتییە بۆ ژیان و مردن و لێدوانێکە کە لەوێدا بزووتنەوەیەکە لە ژیانەوە بۆ مردن و دەبێت بزووتنەوەیەکی هاوتا هەبێت بۆ ئەوەی لە مردنەوە بڕوات بەڵام گرنگترین قۆناغەکان لە ڕوانگەی ئێمەوە سێیەم قۆناغە کە سوکرات تێیدا بەرگری لە بنەماکانی بەڵگەی گشتی دەکات، واتە لە چەمکی هاوسەنگی لە نێوان هەردوو ئاراستەکەدا لە جووڵەی لەدایکبوون لە دژێکەوە بۆ یەکێکی تر و بە پێچەوانەشەوە، ئەو نیشان دەدات کە ئەنجامی ڕەتکردنەوەی بنەماکە ناتوانرێت قبوڵ بکرێت."(عزت قرني،١٩٩٢، ٧٨)شانبەشانی سوقراتیش، ئەفلاتوون خاوەن بۆچوونی خۆی بووە،لە بارەی نەمریی گیانەوە و" باسی لەوە کردووە کە ڕۆحێکی سادە نە دابەشکراوە و نە هەڵوەشاوە، بەڵکوو ئەبەدییە، و مانای ئەبەدییەتی ڕۆحێکە، واتە بوونی پێش جەستەیەک، و مانای ئەبەدییەتی، واتە مانەوەی دوای ئەفلاتون بیرۆکەی ڕۆحێک لەبەردەم جەستەیەکدا لە فێرکارییەکانی فیساگۆرسەکانەوە هێناوەتەوە.(د. إهلام املعتز باهلل عبد العظيم أبو اخلري،٧٠٩،٢٠٢١).لەڕاستییدا،بابەتەکانی نەمری و نەمری گیان،یەکێکن لەو بابەتانەی کە یۆنانییەکان لە کۆندا زۆر لەسەری وەستاون.بەڵام لە ڕۆژگاری ئەمڕۆدا،کەمتر گرنگی دەدرێت بەو بابەتانە،بە بیانووی پێویست نەبوو و هەندێک هۆکاری تر.

## نەمری و پایەی نەمریی،لە ئاینی زەردەشتییدا:

( زەردەشت)، بە دامەزرێنەری ئاینی زەردەشتی دادەنرێت. لە هەمان کاتدا هۆژانڤانیش بووە و هەندێک کەسیش پێیان وایە پێغەمبەرە. سەبارەت بە مێژووی زەردەشت،" نووسەران و زانایانی یۆنانی باوەڕییان وایە کە زەردەشت پێش٦٠٠٠سال پێش زایین بووە.((ئێسکان توس))کۆنترین نووسەری یۆنانییە،کە ناوی زەردەشتی هێناوە.ئەم نووسەرە لە سەدەی پەنجی پێش زانیین ژیاوە و نووسەرانی دیی لەوەوە ئادییان کردووە."(بابان سەقزی،٢٠٠٦، ٩). هەروەها، لە بارەی شوێنی لە دایکبوونی زەردەشتەوە، وتراوە:" شوێنی لە دایکبوونی زەردەشت زۆرتر بە خوارەوەی گۆلی ورمێ زانراوە. یەکێک لەو شتانەی زێدی زەردەشت بەو ناوچەیە دەبەستێتەوە زمانی ئاڤێستایە کە کوردییە.(عەبدوڵا ئیبراهیمی، ٢٠١٧،٥٢). بەڵام دیدە و بۆچوونێکی تریش هەیە، کە دەڵێ:"زۆربەی زەردشتییەکان و لایەنگرانی نەریتی زەردەشت پێیانوایە کە زەردەشت نزیکەی ٣٠٠ ساڵ پێش ئەسکەندەر،یانی حەوتەمی پێش زانیی ژیاوە."(خەسرەو خەزاعی،٢٠١٢، ٧). بەڵام بۆچوونە ڕاستەکە ئەوەیە کە زەردەشت پێش ئەسکەندەری مەکەندۆنی ژیاوە، سەرچاوەکان باس لەوە دەکەن، کە لە کاتی هێرشی کردۆتە سەر ئەو ناوچەیە، دوو لە بەرهەمەکانی زەردەشتی بردۆتە بۆ یۆنان و لە ببوارە جیاوازەکاندا سوودییان لێی دیوە.

هەروەها لە ئاینی زەردەشتییدا، زۆر گرنگی بەلایەنی چاک و خراپە دراوە.چاکەکاران،پاداشتی چاکەکانی خۆیان دەدەنەوە و خراپەکارانیش،بە پێچەوانەوە."بەو تێگەیشتنەی کە باشترین مرۆڤەکان بەگشتی ئەوەی شایەنی خۆیان بەدەست ناهێنن لە پاداشتی باشی ژیانی دونیا، بۆیە دەربارەی ئەو چارەنووسە باشەی کە لە ژیانی داهاتوودا بەرەوڕوویان دەبێتەوە، بۆیە ئەو ڕۆحانەی کە هەن ئاگادارەکان لە ژیانی هەتاهەتاییدا شاد دەبن، وەک چۆن درۆزنەکان بۆ هەمیشە ئەشکەنجە دەدرێن، و باوەڕدار ئەو کەسەیە کە هەمیشە چاوەڕێی شانشینی دادپەروەری ئاسمانی دەکات، کە خودا کاردەکات بۆ قەرەبووکردنەوەی ئەو شتانەی کە لە ژیانی خۆشی و بەختەوەری ئەم جیهانەدا لەدەستی داوە"(د.إهلام املعتز باهلل عبد العظيم أبو اخلرى،٦٩٨،٢٠١٢)وەکو زۆرێک لە ئاینە ئاسمانییەکان،ئاینی زەردەشت باوەڕیان بە خودایەکی تاک و تەنها هەیە،کە ئەویش (ئاهورمزاد)یە،"ئاهورمزدای

خوای زەردەشت و هەمیشەیی و ئەبەدییە، زەردەشت بە ژیر و بینەر و بەتوانا و

زانای دەزانێت،کە ویستی جیهان دروست بکات. لە سەرەتاوە ڕوحێکی نەمر و ڕەهای بە ناوی(وهومن)دروست کرد،یانی(ڕەوشت،زەین،فکر و ئەندێشەی چاک)لە دواییدا وهومن هەموو دیاردەکانی جیهانی دروست کرد."(عەبدوڵا موبلغی ئابادانی،٢٠٠٢، ٥٣).هەروەها لە بەرانبەر هێزی(ئاهورمزدا)دا،هێزیکی (ئەهریمەن) هەیە،کە بە مەبەستی شەیتان دەگەینێت.ئەمە دوو هێزەش،بەردەوام لە ڕکاربەری یەکترین. کەواتە:"بنەماکانی ئەم ئاینە بریتی بوون لە:نیەتی باش، قەسەی باش، کردەوەی باش، بڕوای بە ڕۆژی زیندووبوونەوە و ڕۆژی حیساب بوو و بریتیی بووە لە ململانێی نێوان(ئەهورمەزاد ـ هێزی خێر و چاکە)و( ئەهریمەن ـ هێزی شەڕ و خراپە)."(ژیلوان عبداللە هەڵەدنی،٢٠١٠، ١٧٦).

## تەوەری سێیەم:

١.کەسایەتییە نەمرەکان، لە وێژەی فۆلکلۆری کوردییدا.

٢.کەسایەتییە نەمرەکان، لە ئەفسانەی کوردییدا.

٣.کەسایەتییە نەمرەکان، لە داستانی کوردییدا.

## کەسایەتییە نەمرەکان، لە ویژەی فۆلکلۆری کوردییدا:

لە ڕووی زاراوەوە "فۆلکلۆر زاراوەیەکی ڕۆژئاواییە لە بنەڕەتدا، دابەشکراوە بەسەر دوو بەشدا:foik کە بە واتای گەلێک دێت، هەروەها lore کە بە واتای کەلەپووری نەتەوە دێت، ژمارەیەکی زۆر لە نووسەرانی عەرەب بە تایبەت لە بواری چاپەمەنی و ڕادیۆ و شانۆدا، کە بووە هۆی ئەوەی کەبڵاوبوونەوەی زاراوەی فۆلکلۆر لە ژیانی ڕۆژانەدا لەلایەن خەڵکەوە لە جیهانی عەرەبیدا. "(قاسمي كهينة، ٢٠٠٩، ٦٠،ئەویش لە پەرتووکی منطلقات التفكير في الادب الشعبى وەرگرتوە)ئێمەی کوردیش هەروەک عەرەب، زاراوەی فۆلکلۆرمان لە ڕۆژئاواوە وەرگرتووە، ڕەنگە ئەمەش بۆ ئەوە بگەڕێتەوە کە یەکەمجار ڕۆژئاواییەکان باسییان لەم زاراوە کردووە و درکییان پێکردووە. بەڵام سەرەڕای بڵاوبوونەوەی ئەم زاراوەیە لە نێو نەتەوە و زمانانی جیهاندا، هەر نەتەوەیەک ویستویەتی بە پێش زمانەکەی خۆی زاراوەی بۆ دابڕێژێت.

"فۆلکلۆر بریتییە لە کۆمەڵێک داهێنانی نەتەوەیی، لە سەرەتاکانی مێژوویدا، لە گۆڕەپانی باوەڕ(عەقیدە)و ڕۆشبیری و ویژە و هونەر و تەلارسازی و پێشەسازی. "(عثمان عكاك،١٩٦٤، ٩). یان"فۆلکلۆر وشەیەکی بێگانەیە،بەڵام زۆرتر میللەتانی ڕۆژئاوا بەکاردەهێنن.بە عەرەبی پێی دەڵێن: الادب شعبى" (محمد تۆفیق ووردی،١٩٦١، ٤) دیارە مەبەست لە(الادب شعبى) لە زمانی کوردییدا(ویژەی میللی)یان (ئەدەبی میللی)یە. کەواتە فۆلکلۆر بەرهەمی تایبەتی نەتەوەیەک و لە دڵ و دەروونی تاکەکانی ئەوە نەتەوەیەوە هەڵقوڵاوە و چەکەرەی کردووە. بێگومان ئەوەی لە دڵ و دەروونداا بێت، تیاچوونی ئەستەمە و هەر ئەم هۆکارەش دەستی بە باڵەکانی فۆلکلۆرەوە گرتووە و توانایی فڕینی داوەتی لە نێو پانتاییە بەرفراوانەکەی ئەدەبدا.

کەواتە تێگەیشتین بەوەی فۆلکلۆر ئەدەبێکی دێرین و بە نرخی گەلە و نەتەوەکانە. لە نێو ئەدەبیاتی فۆکلۆردا چەندین ڕەگەزی ئەدەبی هەن، وەکو پەندی پێشینان و داستان و ئەفسانە و قەسەی نەستەق و گاڵتەوگەپ و...، ئەوەی ئێمە مەبەستمانە و دەمانەوێت وردبینی بیری بخەینەسەر، بابەتی نەمر مانەوەی کەسایەتییەکان لە نێو ویژەوانی فۆلکلۆری کوردییدا. بەڵام ئایا هەموو ڕەگەزە ئەدەبییەکانی فۆکلۆری کوردی دەتوانرێت لەم گۆشەنیگایەوە تێرامان و

وردبوونەوەی بۆ بکرێت؟ بێگومان نەخێر، چونکە کەسایەتی و کارەکتەرەکان زۆرجار لە نێو ئەو ڕەگەزە ئەدەبییانە باسیان لێوە دەکرێت، کە بەشێوەی گێڕانەوەیەیان هەیە، وەک ئەفسانە و داستانەکان.

سەبارەت بە وشەئی کەسایەتی، لە زمانی کوردییدا، بێجگە لە وشەی (کەسایەتی) وشەی کەسێتی و کارەکتەریش بەکاردەهێنن، کە دووەمییان لە وشەی (character) ئینلگیزییەوە وەرگیراوە، بەڵام نووسەر و توێژەرانی کورد، لە ژێر کاریگەری زمانی ئینگلیزیدا، وشەی کارەکتەریان بەکارهێناوە. بە زمانی عەرەبیش پێیدەترێت(الشخصية)، کە لە وشەی (شخص)ەوە داتاشراوە. هەروەها بە پرۆسەی دروستکردنی کارەکتەر لە نێو گێڕانەوەکاندا دەوترێت کارەکتەرسازی، چونکە نووسەر کاتێک چیرۆکی یان هەر گێڕانەوەیەکی تر دەگێرێتەوە، ئەوە لە ڕێگەی کارەکتەرسازییەوە هەڵدەستێت بە سازدانی کارەکتەر بۆ گێڕانەوەکەی.

"کەسایەتی ناو ڕۆمان، کەسایەتی ئەدەبی و هونەرییە، ڕۆماننووس ئافراندوویەتی، بۆیە، هەڵەیە بە چاوی واقیعی و ئاسایی تەماشایان بکەین، جا ئەگەر لێکچوونی لەگەڵ ژیاندا هەبێ یان نەبێ"(عەبدوڵڵا سەڕاج،٢٠٠٧، ١٢)ئەمە بۆچوونی نووسەر لەسەر کەسایەتی ئەفسانە و داستانەکانیش یەکدەگرێتەوە، چونکە ئەو دەمەی، کەسایەتیەکی نێو ئەو گێڕانەوانە هێمایەکی نەمری پێدەدرێت، دەبێت ئێمە لەوە تێبگەین، کە ئەم کەسیایەتییانە مەرج نییە، لە ڕاستیدا بوونیان هەبێت و دەکرێت لەلایەن ئەو کەسانەوە دروستکرابن، کە ئەو ڕووداوەیان گێڕاوەتەوە.

ڕەنگە ئەو کەسایەتییانەی لە نێو ئەفسانە و داستانەکاندا، دەئافرێنرێن، لە ڕابردوودا بەشێوەیەکی فیزیکی بوونیان هەبێت، بەڵام نەک بەو شێوەی لە نێو گێڕانەوەکاندا باسیان لێوە کراوە و تایبەتمەندی نائاوەزییان خراوەتە پاڵ، کە لەگەڵ تایبەتمەندییەکانی مرۆڤی ئاسایی یەکناگرێتەوە. با نەمری وەک نموونە بهێنیەوە و دوور نەڕۆین، لەبەر ئەوەی تەوەری سەرەکی بابەتەکەی ئێمە لەسەر نەمری و ئەو بابەتانەیە کە پەیوەندییان بە نەمرییەوە هەیە. هەمووان ئاگادارین و چ بە چاو و چ بە ئاوەز هەستمان پێکردووە، کە ئەستەمە کەسێک بە شێوەیەکی بوونەکی ( فیزیکی) تا ماوەیەکی زۆر ژیان بێت و کاتی تەواو بووبێت و نەمر

بێت، بەڵام ئەمە وەک تایبەتمدی هەندێک کارەکتەرەی نێو داستان و ئەفسانەکان دەبینرێت، لەبەر ئەوەی کارەکتەر" تایبەتمدنییەکانی جیاوازە لە مرۆڤی ئاسایی کە لە واقیعدا بوونییان هەیە، چونکە مرۆڤەکان دروستکراوی خودان و بوونێکی فیزییان هەیە و بە پێچەوانەی کارەکتەری نێو دەقیش ڕابردوو و داهاتوو و ژیانێکی بەردەوامیشان هەیە.(هێمداد حوسێن بەکر، عەونی ئەمین عومەر،ساڵ...،١)

هەروەها، زەقترین هۆکار بۆ زیندوومانەوەی کەسایەتی نێو داستان و ئەفسانەکان، چالاک بوون و جموجوڵیانە لە نێو گێرانەوەکاندا و ڕۆڵیانە لە گۆڕینی ئاراستەی ڕووداوەکان، چونکە " تا قارەمان چالاك و زرپ و زیندوو بێت، پتر سەرەنجی خوێنەر یان وەرگر بۆ لای خۆی بهێنێت، قارەمان هەن بە کردەوە و کۆششیان بە توانا و ئاکاریان، بە جیاوازیان لەوانی تر، تاسەر لە یادەوەری خوێنەردا دەمێننەوە"(ئاری عوسمان خەیات، ٢٠١٩ ،٢١ ئەوەیش لە گۆڤاری واتە ژمارە ١٤ لاپەڕە٣٣٧ وەرگرتووە) ئەمە نەک بۆ ڕەگەزە ئەدەبییەکانی وەک داستان و ئەفسانە، دروستە بەڵکو لەگەڵ ژیانی ڕۆژانەشدا، یەک دەگرێتەوە, بەوەی ئەو کەسانەی هەتاکو زۆرتر چالاک بن و جووڵەیان زۆرتر بێت، زیاتر لە نێو خەڵکدا ناسراون و بە گوێرەی چالاک بوونیان، لە یادوەریمان دەمێننەوە

ئاوەز و یادگەی مرۆڤ هەمیشە ناوی ئەو کەس و کارەکتەرانە گەنج دەکات، کە ئەزموونی کردوون و خوێندنەوەی ئەو گێرانەوەش جۆرێکە لە ئەزموونکردن. هەروەها لە کاتی خوێندنەوەی ئەو ڕووداوانەدا، یادگە مرۆڤ هەڵدەستێت بە گەنجکردنێ ئەو ڕووداوانە لە نێو کۆگای خۆیدا و بە چوار قۆناغ تێپەڕ دەبێت:

١." قۆناغی وەرگرتن: لەم قۆناغەدا تاکی مرۆی زانیارییەکان بەدەست دەهێنێت و وەریان دەگرێت و لە نێو یادگەیان دەخات.

٢.قۆغانی خەزنکردن: لەم قۆناغەدا زانیارییەکان دەهێڵرێنەوە و کۆگا دەکرێن.

٣.قۆناغی گەڕاندنەوە: لەم قۆناغەشدا زانیارییەکان دەگێرینەوە کە خەزنکراون.

4.بیرهاتنەوە: بریتیە لە توانای گێراندنەوەی زانیارییەکان لە کۆگاکانی یادگەوە."(محمد سەلامە، ٢٠١٩، ١٨)واتا: کەسیاتییە نەمرەکان لە نێو ئەفسانە و داستانەکان، بە چوار هەنگاو لە ئاوەزی مرۆڤەکاندا جێگیر دەبن، لە یەکەم

هەنگاودا تەنها خوێنەر دەقەکە دەخوێنێتەوە و پاشان ناوی کارەکتەرەکان گەنج دەبێت، لە هەنگاوی داهاتوودا ئاوەز کارەکتەرەکان دەگەڕێنتەوە، لە هەنگاوی کۆتاییدا، ئاوەز ناوی کارەکتەرەکان بیر دەهێنێتەوە. پاشان ئەمەش ئاوەزی مرۆڤ هەڵدەستێت، بە چەند چالاکییەکی سروشتی تر، بۆ ئەوەی، پارێزگاری لە ناو ئەو کەسایەتییانە لە نێو یادگەیدا.

## کەسیاتییە نەمرەکان، لە ئەفسانە کوردییدا:

ئەفسانە ڕەگوڕیشەکەی دێرینی هەیە، تەنانەت مافی ئەوەمان هەیە بلێین: ئەفسانە و ڕەگوڕیشەی ئەفسانە کۆنترە لە مێژوو، بەو مانای مێژوو نا کە ئەو هەموو ڕووداوانەی لە ڕابردوودا ڕوویان داوە. بەڵکو مەبەستمان لە مێژووی تۆمارکراو و نووسراوە، چونکە ئەفسانە دەگەڕێتەوە بۆ پێش نووسینەوە ڕووداوەکان، ئەو ئەفسانانەش کە تۆمارکراو لە دووتوێی پەرتووکەکاندا، پاش ماوەیەکی زۆر لە ڕوودانی ئەفسانەکاندا گێڕانەوەتەوە و لەلایەن ئەفسانەنووسەکانەوە نووسراوەتەوە. هەروەها "زۆربەی سەرچاوەی ئەفسانە دەگەڕێنەوە بۆ سەرچاوەی مێژوو، توانیان مامەڵە بکەن بەو مادەیەی کە لە ئەفسانەدا هاتووە و بەهای مێژوویی لێ دەرهێناوە."(توثيق حضاري،٢٠٠٩، ٨٥)ئەمەش ئەوە دەگەیەنێت کە بەشێک لە مێژووی دێرین و کۆنی گەلان لە هەناوی ئەفسانەوە دەرهێنراون و ئەفسانە تەواوکەری مێژووی دێرینە.

ئەفسانە بە هەمان شێوەی ڕەگەز وێژەییەکانی تر، نێو وێژەوانی فۆلکلۆری کوردی ڕەگ و ڕیشەیەکی کۆن هەیە و لەبەر ئەوەی ئەفسانە شێوەیەکی گێڕانەوەی تایبەت لە خۆ دەگرێت، لە ژێر سێبەری وێژەدا کاری لەسەر دەکرێت و لێ دەکۆڵنەوە."لە زمانی کوردییدا وشەی ئەفسانە بەرامبەر وشەی (الاسطورة)ی عەرەبی و (اسطوره)ی فارسی هەروەها **myth**ی ئینگلیزی بەکاردێت، ئەمەشە کەوایەکی پڕ بە باڵایە، چونکە لە زمانی پەهلەوییدا کە شێوەی ڕەسەنی زمانی کوردییە،وشەی(فسان)"(فەرهاد عەزیز خۆشناو،٢٠١٣، ١٤)لە ناساندنی ئەفسانەدا وتراوە:"ئەفسانە چیرۆکێکە، پڕە لە خەیاڵ، کە تیایدا هێزەکانی سروشت لە وێنەی بوونەوەرە زیندووەکانی خاوەن کەسایەتیدا سەرهەڵدەدەن. "(تفاحة بلبزوح،٢٠١٢، ١٣)یان بە پێی بۆچوونی (جیراڵد لارسۆن)؛ سەرگوزەشتەیەکە یان کۆمەڵە سەرگوزەشتەیەکە یان گێرانەوەیە،لە

خوداوەندەکان یان دەسەڵاتە نەبینراوەکانەوە لەبەرگیراون و لە نێوان خەڵکی خێڵ، هۆز یان نەتەوەیەکدا دەسوڕێتەوە،کە ئەزموونەکان و دونیابینی تاک و کۆمەڵ دەخاتەڕوو،هەروەها ڕاڤەی دروستبوونی گەردوون و مرۆڤ و دروستبوونی مردن و کاری پاڵەوانان دەکات."(حاكم عمارية،١٣٣،٢٠١٦)کەواتە ئەفسانە ڕەگەزێکی فۆلکلۆری ئاڵۆزە و ڕووداوەکانی لەگەڵ ژیربێژیدا یەک ناگرنەوە و بە پێرەوەکانی ڕاستی ناپێورێن. لە هەمان کاتدا، بەو کەسەش ئەفسانە ئەگرێتەوە،پێی ئەڵێین ئەفسانەبێژ، چونکە ئەفسانە ئێژیت و ئەفسانەش خودی بەسەرهاتەکەیە.

هەروەها (شێخ مەحەمەدی خاڵ)لە فەرهەنگەکەیدا دەڵێت:"بەسەرهات و سەرگوزەشتی پڕوپووچ"،مەبەستی لە پووچ مانای بێکەڵکی ئەفسانە نایەت،بەڵکو مەبەست لە پووچێتی ئەفسانە لەوەدایە: کە ڕووداوی چیرۆکەکانی لە سەروو ڕاستییەوە و لەگەڵ ژیان و هەڵسوکەوتی ڕۆژانەی خەڵکیدا یەکگیر نین، بۆ نموونە لە ئەفسانەی ئاژەڵاندا، ئاژەڵ ناوەندی ڕووداوە و هەموو کێشە و بەسەرهاتەکان لە دەوری ئاژەڵ دەسوڕێنەوە، ئەمەش بۆ خۆی دیاردەیەکە لە نێو ئەفسانەکاندا لەگەڵ ڕاستییدا یەکناگرێتەوە.

هەرکاتێک باسی نەمری دەکرێت، ئەوە لە ئاوەزمەندیماندا ڕاستەوخۆ کۆمەڵێک وشەی هاوبەش بەدوای خۆیدا دێنیت، یەکێک لە دیارترین ئەو وشانەش ئەفسانەییە. چونکە کردارەکی کردنی نەمری لە هۆنراوە و چیرۆک و ڕۆمانەکاندا، ڕەهەندی ئەفسانەیی لە خۆدەگرێت و بابەتەکانی نەمری و هەرمانی مرۆڤ، بابەتێکە ئەفسانە مامەڵەی لەگەڵدا دەکات. "هەروەها ئەفسانە پەیوەندی بە مێژووەوە هەیە، بەجۆرێک لە هەندێک حاڵەتدا لەبەردەم یەکتردا دەوەستن و هەندێکجاریش دەبنە یەکتر."(ساغر سلمانینژاد مهرآبادی،عبدالرضا السيف،١٣٩٥، ٢٠) یان دەتوانین ڕوونتر بڵێین: ئەفسانە تێکەڵەیەکە لە مێژوو و وێژە، چونکە باس لە ڕابردوویەکی دوور دەکات، لە ڕێگەی بەکارهێنانی تاکتیکەکانی گێڕانەوە، لەگەڵ مێژووشدا بەو جیادەبنەوە کە مێژوو هەوڵدەدات ڕووداوەکان وەک ئەوە کە چۆن تۆمارکراوە بیگێڕێتەوە. بەڵام "کاریگەری مێژوو بەلای مرۆڤەوە لە کاتی ئەو کاریگەرییەی نابێ، کە خوێندنەوەی ڕووداوێکی مێژوویی دەیهێنێتە کایەوە"(ئاری عوسمان خەیات،٢٠١١، ٦٥)چونکە گێڕانەوەی ڕووداوە لە نێو وێژەدا چ ڕۆمان بێت، چ ئەفسانە و هەر ڕەگەزێکی وێژەیی تر، جیاوازە لە مێژوو و بە جۆرێک ڕووداوەکان دەگرێتەوە. هەروەها،

یەکێک لەو جۆگانەی کە ئەفسانە خۆی دەرژێنێتە نێو دەریایی مێژووەوە، بابەتەکانی نەمری و نەمربوونی کەسایەتییەکانی مێژووە، چونکە لە ئەفسانەکان کوردییەکاندا زۆر کەس هەن بەرگی نەمرییان پۆشین و وەک کاراکتەرێکی نەمر لە ئەفسانەکاندا دەدرەکەون.

(د. ئیبراهیم حەسەن) لە پەرتووکی(گەڕان بەدوای نەمریدا)، چەند کەسایەتییەکە دیاریکردووە، کە ئەمانەن:(خدری زیندە،میرمح،ئەسکندەر،پیاوی ئاغا،شیخ فەرخ، ،کەیخەسرەو و ئەمانە و کۆمەڵێک کەسایەتی تر...) لە ڕاستیدا بوون کەسایەتی نەمر لە نێو ئەفسانەکاندا شتێکی ئاساییە، چونکە ئەفسانە هەندێک ڕووداوی تێدا بەدی دەکرێت، کە لە سەرووی ئاوەز مامەڵەییان لەگەڵ دەکات. (خدری زیندە) یان بە گەر بیکوردێنین دەڵێن(خدری زیندووە) کە نازناوی کەسێکە هەر زیندوو بێت و نەمرێت. خدری زیندوو" پیرێکی نەمرە کە تا ئاسمان و زەوی مابێت هەر دەمێنێ، واتە هێزیکی چاکە و خێرخوا هەر دەمێنێو فەوتانی بۆ نییە، کەچی هێزی خراپە هەر لە نەمانە.((خدری زیندە)) نامرێ، لە هەموو شوێنێک هەر موو هەلکرۆزێنێیت ئامادەیە، بەدەم لێقەوماوانەوە دێت، یارمەتی هەژاران ئەدات، ڕێگا نیشانی گومڕایان و سەر لێشێواوان دەدات.((د. عیزەدین مستەفا ڕەسول، ١٩٧٠، ١٦)کەواتە نەمری خدری زیندوو، نەمری هێمای چاکەیە و چاکەکارییە، لە ئەفسانەی کوردییدا و ڕێنوی دەوربەری دەکات بۆ چاکەکردن.

ڕەنگە گرنگترین هۆکاری سەرهەڵدانی نەمری لە ئەفسانە کوردییەکان و زۆرێک لە ئەفسانەی گەلانی دونیادا بگەڕێتەوە بۆ ئەوەی "کە هەندێك کۆمەڵگا کە نەیانتوانی لە ماوەیەکی دیاریکراودا بە هیوا و بیروباوەڕەکانیان بگەن بۆ ئەوەی خۆیان لەلایەن هە موو کەس قبووڵ بکرێت، لە ئەفسانەی خۆیاندا کاراکتەری دروست کرد کە لە داهاتوودا ئاواتی سەروەری نە تە وە یان ئایینێکی دیاریکراو بە دیبهێنن. ئەم بەڵێنانە ڕۆژێک دێت و دەبنە فریادڕەسی گەلەکەیان. هەندێک جار ڕزگارکەر تەنها لە داهاتوودا دێت و مەرج نییە ئێستا زیندوو بێت؛ بەڵام لە زۆربەی حاڵەتەکاندا ڕزگارکەری داهاتوو پاڵەوانێکی ڕابردووە؛ کەسێک کە چەندین ساڵ لەمەوبەر لەدایک بووە و توانیویەتی تا ئەمڕۆ بژی. تا ڕۆژێکی دیاریکراو و دواجار ڕاپەڕین بە شاراوەیی دەمێنێتەوە دەیکات"(دکتر مهدي رضایی ـ دکتر حشمتا آذرمکان،٩٠، ٢) یاخود لەبەر گرنگ و پلەی و پێگەی ئەو کەسانە لە تەرازووی مێژوودا و ڕۆڵ و بەهێزییان لەو سەردەمەدا، لە گێرانەوەی ئەفسانەکاندا ڕەگەزی نەمرییان پێبەخشراوە، بۆ نموونە وەک ئەسکەندەری

مەکەدۆنی" کاتێک سەرکردە بوو جێگەی خۆی لە مێژوودا پاراست یەکێک لە گەورەترین سەرکردەکانی جیهانی کۆن، و ڕەنگە گەورەترینی ئەو شتانە بێت کە وەک فەیلەسوفێک یان سەرکردەیەکی سەربازی جیای کردۆتەوە، و ئەو لە ئەنجامی کاریگەرییەکانی لەسەر کارەکتەرەکە دەگەڕێتەوە بۆ جیهان و ئەمە ئەو بەهێزەیە و ئەوە لە ژێر کاریگەری مامۆستای ئەرستۆدایە و ژینگەی مەقدۆنیەکەی کە تێیدا دەژیا و گەورە بوو. ئەسکەندەر توانی لە ماوەی دەساڵدا ئیمپراتۆریەتەکەی فراوانتر بکات بۆ ئەوەی بەڵای هەموو بەشەکانی زەوی بگرێتەوە و کاتێک ئەسکەندەر لە ساڵی ٣٣٦ پێش زایین گەیشتە تەمەنی بیست ساڵ . م) دەبێتە پاشا و لە چەند شەڕێکدا یاوەری باوکی بووە و سەرکردایەتی سەرۆکەکانی سوپا دەکات لە ئەرکی تایبەتدا، بە لێهاتوویی و بوێریەوە ئەسکەندەر لەگەڵ پیاوەکانیدا زبر بوو، لە هەمان کاتدا، خۆشییەکانی ئەوانی بەیەکەوە دەبەستەوە.(احمد الريفي شريف،٢٠٠٧ ٥٧).

## کەسایەتییە نەمرەکان، لە داستانی کوردییدا:

داستان، یەکێکە لە ڕەگەزە وێژە فوڵکلۆرییەکانی گەلان و هەموو میللەتان یان بڵێین زۆربەی هەر زۆری میللەتان خاوەن داستانن. مێژووی داستان، دەگەڕێتەوە بۆ یۆنانی کۆن."یەکێک لە داستانە کۆنە کە ناوبانگێکی تایبەتی خۆی هەیە لە نێو داستانەکاندا، (ئەلیادە و ئۆدیسا)یە، لەلایەن (هۆمیرۆس)ەوە، کە لە سەدەی نۆزدەهەمی پێش زانینی ژیاوە.(خديجه قداوی،٢٠١٤، ٩).پاشان ئەم هونەرە، گوزارەتەوە بۆ نێو ڕۆمانییەکان و ئەوانیش بەهەمان چەشن کەڵکییان لێوەرگرتووە. لە پاڵ داستانیشدا پێیدەوترێت (چیرۆکە هۆنراوە)یان (چیرۆکە شیعر). چونکە چیرۆکە و بە چەشنی هۆنراوە کێش و سەروای تێخراوە و گێراوەتەوە.لە زمانی کوردییدا، بێجگە لە وشەی(داستان)وشەی (دەستان) لە ڕابردوودا بە کەڵکبراوە و ڕەنگە خۆی (دەستان)بووبێت و بە پێی تێپەڕبوونی کات گۆڕابێت بۆ(داستان). بەڵگەش بۆ ئەم لێدوانە، لە سەرەتا دێرەکانی داستانی(ڕۆستەم و زۆراب)دا،کە دەڵێت.

ئەربدۆ تەوفیق خوداوەند چە سەر

بواچون دەستان نەوەی زاڵ زەڕ

هەر لە شیکردنەوە وشەی(دەستان)دا،لە هەمان سەرچاوەدا هاتووە:"دەستان:لێرەدا بە مانای داستان، چیرۆک و بەسەرهات هاتووە،بەڵام هاوکات (دەستان) ناسناوی ڕۆستەم و بنچەی ڕۆستەمە"(سیاوەش گۆدەرزی،٢٠١٢، ٤١).یان (عەلائەدین سەجادی)بۆچونێکی جیاوازتری هەیە و دەڵێت:"داستان زۆرتر بۆ نەبەردی پاڵەوانان بەکار ئەهێنرێت. وشەکە لە بنەڕەتا «داواستان»ە، واتە شوێنی جەنگ و شەڕوشۆڕ؛ یا «دادستان»ە، واتە شوێن عەدل، لە هەر دوو بارا وەکوو عیلمی بەلاغە ئەڵێ: «تەسمیەی حالە بە ئیسمی مەحەل». درێژ بوونەوەی زەمان وشەکە زمان کورتی کردووەتەوە و بووە بە «داستان»."لە زمان و فەرهەنگسازی عەرەبییدا،بە داستان دەوترێت(ملحمة)،بە ناوبانگترین داستانیش لە وێژەیی عەرەبییدا داستانی (گلگامێش)ە. هەروەها لە زمانی فارسییدا چەمکی (داستان) بۆ(چیرۆک و کورتەچیرۆک و کورتیلە چیرۆک)بەکاردەهێنرێت."فارسەکانیش بۆ داستان وشەی (حەماسە)یان بەکارهێناوە".(سەنگەر قادر...،٢٠٠٩، ١٥)

لە بارەی پێناسەی داستانەوە(محمد غنیمی هلال) وتویەتی:"داستان چیرۆکە هۆنراوەیەکە،بابەتەکانی ڕووداوی ڕاستی پاڵەوانە نیشتمانییەکان دەگێڕینەوە،کە پێگەیەکی نەمریان بنیاد ناوە،لە بونیادی نیشتمانەکەیاندا. هەروەها خەیاڵ ڕۆڵی کارایی هەیە، کە ڕووداوە دەرئاسایانە دەگرێتەوە، کە پاڵەوان پێی هەستاون..." (محمد غنیمي هلال،١٩٨٢ ،٨٠)یان"شیعرێکی گێڕانەوەی درێژ کە بە شێوازێکی ڕەسەن نووسراوە کە ئاهەنگ دەگێڕێت... لە دەستکەوتە گەورەکانی پاڵەوانێک و مامەڵە لەگەڵ بابەتگەلێکی مێژوویی، نیشتمانپەروەری، ئایینی، یان ئەفسانەیی دەکات."( صلاح الدین باویة ، ٢٠١٣، ١٧)کەواتە: داستان مۆرکێکی نەتەوایەتی هەیە و پاڵەوانەکانی توانایەکی نائاسایی و لە ڕادەبەردەرییان لە هەڵسوکەوت کردن لەگەڵ ڕووداوەکاندا و بەشێوەی قەسیدەیەکی دوور و درێژ دادەڕێژێت.

لەو پێناسەی سەرەوەدا ئەومان، بۆ ڕوون بویەوە، کە پاڵەوانی ناو داستانەکان کۆمەڵە پاڵەوانێکی نەمرن و بۆ ماوەیەکی زۆر دەژین و لە نێو ڕووداوەکانی داستانەکاندا دەمێنەوە و هەر نەمری ئەو پاڵەوانانەش، مۆرکێکی نەمری دەبەخشێت بە داستانەکان. بەو واتایەی: کە نەمری شاکەس و پاڵەوانی نێو داستانەکان، هۆکارێکە بۆ نەمری خودی داستانەکە. چونکە خوێنەر کاتێک داستانەکە دەخوێنێتەوە، ئەو لە پاش خوێندنەوە داستانەکە، ڕاستەوخۆ ناو پاڵەوان و شاکەسی نێو داستانەکان دەکەوێتەوە یادیی، چونکە یەکێکە لە تایبەتمەندی

پاڵەوان ئەوەیە، کە تا کۆتا ڕووداوەکان لە نێو گێڕانەوەکە بمێنێتەوە. جا ڕەنگ پاڵەوانەکان پاڵەوانی خۆشەویستی بن، وەکو داستانی(مەم و زین)یان پاڵەوانی جەنگ بن، داستانی (ڕۆستەم و زۆراب)،هەر بۆیە لە هەندێک شوێنی داستانەکاندا، داستانی(ڕۆستەم و زۆراب)بە شەڕنامەی (ڕۆستەم و زۆراب)ناو براوە.

هەروەها دووبارە نووسینەوە و لە چاپدانەوەی داستانەکان لەلایەن ڕاستنووسان و نووسەرانەوە،بۆ خۆی زیاتر زیندوویکردنەوە و ڕوح خستنەبەر دەقەکان و ڕووداوە و کەسایەتی نێو داستانەکانە.چونکە زۆربەی داستانە کۆنەکان،بە شێوە ڕێنووس و زمانێکی جیا نووسراون،کە لەگەڵ سەردەم و ڕۆژگاری ئێستادا ناگونجێت و وا پێویست دەکات،دووبارە ڕێک و ڕاست بکرێنەوە،بۆ ئەوەی خوێنەر لێیان تێبگات.

لە هەمان کاتدا،تیشک خستنەسەر لایەنە گرنگەکانی و ڕەهەندکانی نێو داستانەکان لە سەروبەندی توێژینەوە و لێکۆڵینەوەکاندا و ئەمەش هاندانێکە بۆ زیاتر ئاوڕدانەوە و گەڕانەوە خوێنەر و شاعیرا بۆ نێو کەسایەتی نێ داستانەکان. بە شێوەیەکی گشتی سێ هۆکاری سەرەکی واییان کردووە، کەسایەتی نێو داستانە کوردییەکان نەمر دەکەون:

### ١.لێکچوواندنی کەسەکانی کۆمەڵگە بە ڕۆڵگێرەکانی (کارەکتەرکانی) داستانە کوردییەکان:

"لێکچوواندن بریتییە لە چواندنی شتێک بە شتێکەوە، لەبەر هەبوونی سیفەتێک، یا زیاتر لە سیفەتێکی هاوبەش لە نێوان دوو شتدا، ئەمەش بە زیاتر لە شێوازێک پێشکەش دەکرێ، هەیانە ڕاستەوخۆ و بێ بەکارهێنانی ئەوزار و ڕووی لێکچوون، هەشیانە بە بە سوود وەرگرتن لە ئەوزار و ڕووی لێکچوون"(دئیدریس مستەفا، ٢٠١١، ١١٨). بەڵام زۆر ئەو لێکچواندانەی لە سەرووبەندی ئاخاوتندا دروست دەبێت، لە ڕێگەی ئەروزارەکانەوەیە وەک( ئەڵێی، وەک، هەروەکو ...)چونکە لە کاتی دەربڕیندا گوێگر پێویستی بە

ڕوونکردنەوەی زیاترە.

ئێمە ڕۆژانە چەندەها کەس دەبینین، کە دەچوێنرێن بە کەسایەتییەکان، ئەمەش لە ڕێگەی ئەو سیفاتە هاوبەشانەی کە لە نێوانیان دایە، بۆ نموونە کەسێک کە لە جەنگدا ئازا و جەربەزەیە، ئەڵێن فڵانە کەس وەک ڕۆستەم وایە، یان دوو هاوسەر یان دوو خۆشەویست لە شەقامێکدا گووزەر دەکەن، بە شیرین و فەرهادییان دەچوێنن. ئەمەش زیاتر وا دەکات سیما و ناو و هەڵسوکەوتی ئەو کەسایەتییانە لە بیر و هزری خەڵکدا بمێنێتەوە و لەبیر نەچێت.

٢.بەرجەستەکردنی کەسێتی نێو داستانەکان لە هۆنراوەدا:

هۆنراوە تەنها خاوەن ئەرکێکی تاک لایەنە نییە، بەڵکو دەکرێت هۆنراوەیەکە لە چەند گۆشەیەکەوە سەیر بکرێت. لە نێو هەندێک هۆنراوە کوردییەکاندا، بەتایبەتی لە قۆناغی شیعری کلاسیکدا، شاعیرانمان لەسەروبەندی نووسینی هۆنراوەکەیاندا، هەوڵییانداوە ڕۆڵگێری نێو داستانەکان لە هۆنراوەکانیاندا بەرجەستە بکەن، بۆ نموونە:

"گوڵاڵەی بێستوون ئێستەش بەهاران

ئەڵێن پێت ماجەرای فەرهاد و شیرین"

(دیوانی ئەحمەد موختار جاف،٢٠١٦، ١١٦)

واتا: ئەو گوڵانەی لەسەر بناری بێستون، ئیستاش گەواهیدەری ئەو ڕووداوانەن، کە لە نێوان شیرین و فەرهادا ڕوویداوە.ئەگەر لەم دێرە هۆنراوەدا ورد بینەوە، ئەوە هۆزانڤان بە دووبارە هێنانەوە و یادکردنەوە هەردوو کەسایەتی (شیرین و فەرهاد)، بەکارهێنانی وشەی (ئێستەش) لە خۆیدا مانای نەمری دەگەنێت و هێشتا

تێنەپەڕیووە.ئەم نموونە و چەندەها نموونەی تر، دەیسەلمێنن، هۆکاری کە کەسایەتی نێو داستانەکان بە زیندووی ماونەتەوە، بەرجەستەکردنیانە لە نێو هۆنراوەکاندا

٣.ناولێنان کەسەکان:

هەر منداڵێک کاتێک لە دایک دەبێت، دەبێ ناوێکی لێبنرێت، بۆ ئەوەی لە نێو کۆمەڵگەدا پێبناسرێتەوە، ئیتر ئەو ناوەش بە پێی خواست و ویستی دایک و باوک یان دەوربەری ئەو ناوەی لێدەنێن. لە نێو کۆمەڵگەی کوردییدا زۆربەی ئەو ناوانەی لە منالْ دەنرێت، یان ناوی عەرەبی یان ناوی ڕەسەنی کوردیین. لە داستانە کوردیییەکاندا کەسیاتییەکە گەلێک هەن، کە وەکو ناولێنان دەنرێن، بە منداڵە لە دایکبووەکانەوە, وەک: فەرهاد، شیرین، ڕۆستەم، ...)کە ئەمانە زیاتر وایکردووە ناوی کەسایەتییەکان لە یادگەماندا بمێنتەوە.

## تەوەری چوارەم:

١.نەمری لە دیدەی هۆزانڤانانی کلاسیکی کوردییدا:(هۆنراوەکانی زاری و عەونی و عاسی بە نموونە)

٢.نەمری لە هۆنراوەکانی (کاکەی فەلاح)دا.

٣.نەمری لەهۆنراوەکانی(کامەران موکری)دا.

## ئەمری لە دیدەی هۆزانڤانانی کلاسیکی کوردییدا:(هۆنراوەکانی زاری و عەونی و عاسی بە نموونە)

ڕێبازی ئەدەبی کلاسیکیزم، وەکو هەموو ڕێبازە ئەدەبییەکانی تر، لە ڕۆژئاوا سەر هەڵداوە و پاش بە پێی کات و سەردەم گوستراوەتەوە بۆ نێو گەلانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و هەر گەل و نەتەوەیەکیش بە پێی سروشتی ئەدەبەکەی خۆی بەکاریهێناوە. چونکە ڕۆژئاوا مەڵبەندی فەلسەفە و ئەدەب و زمان و زانستەکانی تر دونیا بووە.

"وشەی کلاسیک لە بنەڕەتدا، وشەیەکی لاتینەییە و لە وشەی (کلاسیکوس)ەوە هاتەوە، کە مانای چین(طبقە) دەگەیەنێ، بەو مەبەستەی ڕێبازی کلاسیک بە چینێک دەگوترا کە ئاستی ڕۆشنبیرییان زۆر بەرزە. ئەم ڕێبازەش لە ڕووی ئەدەبییەوە مانای لاسایکردنەوە دێت، واتە لاسایی کردنەوەی ئەدەبی یۆنانی،کە ئەرستۆ لە کتێبەکەیدا باسی کردووە."(نەوزاد کەهلوڕ،٢٠٠٨، ٦)"یەکەم جار نووسەری ڕۆمان ئۆلیژیلیۆس بوو، کە لە سەدەی ٢ی زانییندا،لە کتێبی(شەوانی ئەتیکا)ئەم زاراوەی بەکارهێنا."(فەرهاد پیربال،٢٠٠٩، ١٥).پێویست ئەوەش بڵێین:کە د.فەرهاد پیربال ئەمەی لە پەرتووکی(مذاهب الادبیة في الكلاسيكية الي العبثية)ی(د.نبیل راغب)ەوە، بەڵام نازانم هۆکاری ئاماژەنەدانەکەی بۆچی دەگەڕێتەوە! یان ڕەنگە ئەکادیمیانە پەرتووکەکەی نەنووسیبێتەوە.

کاتێک باسی وێژەی کلاسیکی کوردی دەکەین، دەبێ تەنها باس لە هۆنراوەی کلاسیزمی کوردی بکەین، چونکە ئەم ڕێبازە لە نێو کورداندا لەو سەردەمەدا، تەنها تایبەت بووە بە هۆنراوە و پەخشانی لە خۆیدا وەدەرناو. بەڵکو دەتوانین بڵێین: هۆزانڤانانی کلاسیکی کوردی، گێڕاونەوەیان ئاوێتە هۆنراوەکان کردووە و چیرۆکەکان و ئەو ڕووداوانەی کە شایەنی گێڕانەوەن لە دێرە کلاسیکەکاندا بەرجەستەی کردووە.

ئەوەی هۆزانڤانانی کلاسیزمی کوردی نووسیانەتەوە و دەریانبڕیوە، بە هەموو هۆزانڤانێکی ئەو سەردەمە نەکراوە. ئێستاشی لەگەڵدا بێت، بەو هەموو پێشکەوتن و نزیکبوونەوە زمانان لە یەکتری ئەو کار لە تەرازووی ژێری مرۆڤدا مەحاڵە. هەڵبەستوانانی کلاسیکی کوردی بەوە ناسراون، کە خاوەن وردداڕشتن و وردبینیەکەی بەهرەمەندن و دەتوانن بە کەمترین وشە لەسەر گەورەترین بابەت و نهێنی پێچراو بدوێن، کە جگە لە وێژە و هۆنراوە ئەستەمە شتێکی تر، یان کەرەستییەکەی تر هەبێت، دەرقەتی ئەم جوان دەربڕین و دروستکردنی دیوارە مانایەکی پتەو لەم چەشنەی هەبێت. خودی کلاسیکیش، لە ڕۆژگاری ئەمڕۆدا بە شتە کۆن و گرانبەهایانە دەڵێن، کە نرخ و بەهاییەکەی زۆر هەبێت، چ نرخی بەهایی ماددی بێت، چی مەعنەوی. کەواتە هۆنراوە کلاسیکی کورد دەبێت، جیاوازتر و سەنگینتر بێت، لە ئاست هۆنراوەکانی تردا. چونکە هۆزانڤانە کلاسیکەکانی کورد، خاوەن دەریایەکن لە مەعریفە و خەیاڵ فراوانیی، ئەم خەیاڵ فراوانیەش وایکردووە، کە هۆنراوەی کلاسیکی کوردی، خاوەن بابەتی هەمەڕەنگ و فرەچەشن بێت و لە زۆر بابەت وردبنەوە. یەکێکیش لەوە بابەتانەی، کە شاعیرانی کلاسیکی لە بارەیەوە دواون و فەرامۆشییان نەکردووە، بابەتی(نەمری) و زیندووی مانەوەی کەسایەتی و ناو و نازناوی کەسایەتییە گەورەکانی کوردە چ هۆزانڤان بن یان هونەرمەند یان ڕابوونخواز، یان پەسنی کەسانی چاکەکاریان داوەتەوە بەوە ئەگەرچی مرۆڤ خۆیشی بمرێت کردەوە چاکەکانی هەر دەمێنێتەوە. بۆ نموونە(زاری)لە دێریکدا دەڵێت:

مایەی حەیاتی ئادەمی هەر چاکە کردنە

مردن بە کاری چاک براکەم نەمردنە (زاری،٢٠٠٤، ٤٣)

واتا:دەست مایەی ژیانی مرۆڤ، هەر چاکەکردنە، ئەوەشی بە کاری چاک و لە پێناو کردەوەی چاکدا تیابچێت، بەڕاستی کەسێکی نەمر و مردنەکەی بە مانای نەمردن دێت. یان، لە چوارینییەکەی تردا دەڵێت:

ئەگەر خۆت خۆش ئەوێ و دارای هۆشی

ئەبێ بۆ ئەو ژیانە تێ بکۆشی

کە هەر باقی ئەبێت و نابڕێتۆ

**هەتا بڕوا زیادە شەوق و جۆشی(زاری، ٢٠٠٤، ٥٦)**

**شاعیر لەم چوارینەدا باسی بەهەشتی نەبڕاوە دەکات و بەوە پەسنی دەکات هەمیشەیە و نابڕێتەوە، ئەمەش بۆخۆی جۆرێکە لە نەمری، بەڵکو لەم هۆنراوەدا شاعیر باسی لە نەمری ڕاستەقینە کردووە، کە نەمری ئەو دونیایە.**

**(زاری)یەکێکە لە کلاسیکنووسانی ساڵانی ڕابردووی ڕۆژهەڵاتی کوردستان. ناوی تەواوی"مامۆستا عەبدولکریم صائب(زاری)لە بنەماڵەیەکەی وەرزێر لە ئاوایی(ئالکەوتوو)سەر بە شاری(سەقز)لە ساڵی ١٣٢٥ کۆچی(١٩٠٥)لە دایک بووە."(دیوانی زاری،٢٠٠٤، ١٤)**

**(عەونی)یەکێکە لە شاعیرانەی کە جگە لەوەی خاوەن چەندین هۆنراوەی دڵدارییە، لە هەمان کات لایەنی بیر نیشتمانپەرەوەری و کوردایەتی لەبیر نەکردووە و ئاوڕی لێداوەتەوە و هەروەها خاوەن هەستێکی نیشتمانی بەرز و بڵند بووە و هەر هەستەش، بۆ بە هەوێنی چەند هۆنراوەی بەرەنگاری و لاوانەوەی شەهیدان شۆڕش. (عەونی)بۆ لە شیوەنی(شێخ مەحمودی حەفید)دەڵێت:**

**با سلێمانیش ببێتە کەربەلا!**

**با بکەین یادی نەمر شێخی حەفید(دیوانی عەونی،١٩٩٧، ٦٧)**

**هۆزانڤان،لێرەدا دەڵێت:با وەک کەربەلا کە چۆن بۆ شینی ئیمام حوسێن دەکەوتە شێن و وەیلا بە هەمان شێوەش بۆ شێخ مەحمود بکەوینە سینەکوتا و لەخۆدان. هەروەها بەکارهێنانی نازناوی نەمر بۆ خۆی ڕەگەزێکی نەمر بەخشێوە بە کەسایەتییەکە.**

**یان لە دێریکی تردا،دەڵێت:**

**ئای بۆ کاوەیێ، وەک کاوەی نەمر،**

**بێتە مەیدانێ نەبەرد کتوپڕ!(سەرچاوەی پێشوو،٩١)**

**لەم دێرەدا: نازناوی نەمر داوەتە پاڵ کاوە و ڕەگەزێکی نەمر بە باڵاکردووە. شاعیر بەداخەوە ئاواتی پاڵەوانێک دەخوازێک وەکو کاوەی ئاسنگەر بێتە مەیدان و کۆتایی بەم هەموو ستەم بهێنێت.**

**(عاسی)، یەکێکە لەو شاعیرە کلاسییکانەی ئاوڕ لە وشە و مانای نەمر داوەتە و لە هۆنراوەکەیندا بە کەڵکی بردووە، بۆ نموونە بۆ مەرگی(حاجی قادری کۆیی) وتویەتی:**

**حاجی قادر تۆ نەمردووی تا قیامەت نامری**

**هەرچی کوردە تۆ لە دڵیا دائیما هەر حازری**

**(عاسی، ٢٠٠٨، ٢٤٩)**

**لەم دێرەدا، هۆزانڤان تەواو ڕۆشتۆتە قووڵی نەمری کەسایەتییەکانەوە و گەورەترین مانای نەمری دەستنیشان دەکات و ئەو کۆچی جەستەیی و مانەوە لە دڵ و دەروونندا بە هەمیشەیی. ئێستاشی لەگەڵ دابێ، (حاجی قادری کۆیی)هەر ناوێک ناسراوی نێو وێژەوانی کوردیی و چەندین توێژینەوە و لێکوڵێنەوە لە بارەی هۆنراوەکانی کراوە و ئەگەر کەسێک تۆزێک بەڵەدی نێو وێژەوانی کوردی بێت، مایەیی داخە ناوی حاجی قادری بەر گوێ نەکەوتبێت.**

**مەلا مستەفای عاسی)لە پەسن و لاوانەوەی نەمری پێغەمبەری خودا(د.خ)دەفەرمووێت:**

**هەم مەزانن کۆچی دوایی ئەو لە دنیا مردنە**

**وا لە سایەی عەرشی ئەعلا تا قیامەت نووستووە**

**(سەرچاوەی پێشوو، ١٣٠)**

**واتا: بەو تێنگەن کە پێغەمبەری خودا مردووە، بەڵکو زیندوو و لە سێبەری عەرشی خودا نووستووە. ئەم دێرەش بۆ ماناکانی نەمری تێدا بەرجەستەکراوە.**

کەواتە، نەمری بەلای ئەم سێ هۆزانڤان کلاسیکەوە، وێنەی جیاواز جیاوازی هەیە، بەڵام بە شێوەیەکی گشتی هەرسێ شاعیرەکە لەبەر کاریگەری زاڵبوونی بیروباوەڕی ئاینی و نەتەوەیەی بەسەریناوە، نەمریان لەگەڵ ئاین و کوردایەتی و نەتەوەخوازیدا ئاوێتە کردووە.هەژموون و کاریگەری ئاینی ئیسلام، بە نێوچاوی هۆنراوە و هۆزانڤانانی کلاسیکەوە بە ڕوونی دیارە، چونکە شاعیرانی کلاسیکی کوردی پەروەردەی مزگەوت و حوجرەکان بوونە و بیروباوەڕی ئاینی و بە تایبەتی سۆفیگەری بەسەریاندا زاڵە.لە پاڵ ئەوەشدا، هەستی نیشتمانپەروەری و کوردایەتییان لا دروستبووە، وەکو زۆربەی شاعیرانی نەتەوە چەوەساوەو ژێردەستەکان.

## نەمری لە نێو هۆنراوەکانی(کاکەی فەلاح)دا:

(کاکەی فەلاح)، یەکێکە لەو هۆزانڤانانەی، کە لە بیستەکانی سەدەی ڕابردوو هاتۆتە دونیاوە و یەکێکە لە ناودارانی سەردەمی خۆی. زۆربەی هەرە زۆری هۆنراوەکانی دڵدارین و شانبەشانی ئەوەش وێژەوانی ئاژەڵ و لەبارەی گەشەپێدانی مرۆییەوە هۆنراوەی نووسیوە. هەروەها منداڵانیشی بێبەش نەکردووە لە چەپکە هۆنراوەکانی، کە پانتاییەکەی فراوانی بە هۆنراوەی منداڵان چنیوە.

بابەتەکانی (ژیان و مردن) یەکێکە لەو بابەتە گەورانەی، کە هەر لە سەرەتایی پەیدابوونی وێژەوانی کوردی بە گشتی و لە شیعرەکانی (کاکەی فەلاح)دا بەتایبەتی وێنەیداوەتەوە. چونکە مردن وەکو ترسێک لە فەوتان و ژیان وەکو ترسێک لە بەردەوام بوون لە نەهاتمەتییەکان، هەمیش جێی سەرەنج و تێڕامانی هۆزانڤانان بووە و بە شێوەیەک تاک یان دژیەک لە هۆنراوەکاندا بەرامبەر یەکهاتوون و مانا بەهێز و جوانییان دروستکردووە. لە هەندێک هۆنراوەکانی تردا مردن لەوەوە پەیدا بووە، کە ڕێگر بێت، لە گەیشتن بە حەز و خولیاکانیان، بۆ نموونە مام هێمن لە(پەیامی ڕانەگەیندراو)دەڵێت:

گوتی سەبرت هەبێ دووبارە دێمەوە دیتنت ئەمما

لە کورتی دا تەمەن، وا دیارە بەو دیدارە ڕاناگا"(هێمن موکریانی،٢٠٠٨، ٢٧٠)

یان له هەندێک جێ و ڕێی تردا،خۆزگەیان بە مرد خواستووە،بەهۆی ئەو نەهاتی و دەردەسەرییانەوە کە دووچارییان بۆتەوە،یان هەندێک کات مردنییان لە ژیان لا پەسەند تر بوو،بەهۆی ئەو دۆخە ناهەموارەی کە دووچارییان بۆتەوە،بۆ نموونە(هێدی)لە دیوانی (کاروانی خەیاڵ)دا دەڵێت:

باسی خوێنی پاکی تۆیە و شۆڕشی ڕزگارییە

یان بە سەربەستی ژیان یان مردنی یەکجارییە

هەر ئەم باسوخواسانەی ژیان و مردن،هێدی هێدی پەلکێشا بۆ چەندین بابەتی تر، کە دەوربەری ژیان و مردن کۆبوونەوە. یەکێک لەو لقەبابەتانەی کە لە نێوان مردن و ژیان هاتە کۆڕی و گۆڕەپانی هۆنراوەی کوردییەوە،بابەتی نەمری و نەمر مانەوەیە لە دڵ و هزری مرۆڤدا لە نێو هۆنراوەی کوردییدا و یەکێک لە هۆزانڤانانەی کە زیاد لە هۆزانڤانەکانی تر،لەسەر ئەم بابەتانە وەستاوە(کاکەی فەلاح)ە.ڕەنگە ئەمەش بەهۆی ئەوەوە بێت،کەوتوونەتە ژێر وێژەوانی فوڵکلۆری کوردییەوە،بە تایبەتی داستان و ئەفسانەکان،چونکە ئەم دوو ڕەگەزە وێژەییە دەنکە توخمی نەمرییان تێدا بەدی دەکرێت و هۆکارەکەشی بۆ ئەوە دەگێرێتەوە،کە مرۆڤە کۆنەکان و بیر سەرەتاییەکان،بەوەی دووچاری مەرگ و گیان لە دەستدا بوونەتەوە،ویستوویانە لە ڕێگە ئەفسانە و داستانەکانەوە نەمری بەرجەستە بکەن.

(نەمری)بە مانا پەسن و نابەرجەستەیەکەی لە هەندێ هۆنراوەکانی کاکەی فەلاحدا شین بۆتە و جێپەنجەی دیارە،ئێمەش،لەبەر درککردمان بەو دۆخە هۆنراوەییە، هاتووین نموونەکانمان کۆکردۆتەوە و بە پێی توانا کارمان لەگەڵ کردووە. دەتوانین جۆرەکانی نەمری لە هۆنراوەکانی بۆ ئەمانەی خوارەوە دابەش بکەین.

١.بۆنەی نەمر:

هەموو گەل و نەتەوەکانی دونیا، بە تایبەتی ئەو گەلانەی مێژوویەکی دوورە

و درێژییان هەیە، خاوەن بۆنە و ئاهەنگی خۆیانن.بۆنە و ئاهەنگە نەتەوەیەکان، لە نێو گەلە کۆنەکانی دونیادا زۆر باوەن و زۆربەیان خاوەنی ئاهەنگ و بۆنەی تایبەتی خۆیان، چونکە ئەو گەلانە خاوەن مێژوویەکەی دێرینن. جگە لە بۆنە نەتەوەییەکان، بۆنەی ئاینیمان هەیە و ئەمەیان تایبەت بە ئاینەکان و زیاتر لە هۆنراوەی هۆزانڤانە کلاسیکەکانی کورد گرنگی پێی دراوە، وەکو چەژنی قوربانی.(کاکەی فەلاح)لەبەر ئەوەی خاوەن هەستێکی گەلپەروەرییەکەی گەورە بوو، لەو بارەیەوە هۆنراوەییەکی بۆ چەژنی نەورۆز نووسیوەتەوە. چەژنی نەورۆز یەکێکە لە چەژنە کۆنەکانی سەر گۆی زەوی زۆربەی نەتەوە زمان ئێرانییەکان،"چونکە نەک تەنیا وەکو چەژنێکی نیشتمانی لای فارسەکان و نەتەوەی لای کوردەکان ناسراوە،بەڵکو لای نەتەوەکان(وەکو تاجیک و ئەفغان و بەلوچ و ئازەر و قیبتی)یش یادکراوەتەوە و یاد دەکرێتەوە."(د.کەیوان ئازاد ئەنوەر،٢٠١٦، ١٧)،واتا چەژنێکە تەنها تایبەت نییە بە کوردەکان.بەڵکو زۆر نەتەوەکانی تریش ئەم یادە دەکەنەوە.جگە لە(کاکەی فەلاح)،(شێخ نووری شێخ سالح و پیرمێرد و مام هێمن و...).کاکەی فەلاح لە هۆنراوەی(سروودی نەورۆز)دا بەمشێوەیە باس لە نەورۆز دەکات:

دڵی سەهۆڵی ئەژدەهاک

تێکەڵ کرا بە خۆڵ و خاک

لافاوی شۆڕش

دڕک و داڵی برد

بە هەوری هێرش

نەورۆز گوڵی کرد

کڕێوەی زستانی ستەم

یان وەیشومە و تۆفی سەردەم

سەهۆڵ بەندانی شاخ و داخ

هەناسەی ساردی ئاخ و داخ

نەما بە مەشخەڵی نەورۆز

جەژنی کوردی کاوەی دڵسۆز

تا ئاگر ماوه

نەورۆز ئەمێنێ

گوڵی گەشاوه

نەمری دێنێ

(کاکەی فەلاح،٢٠٠٤، ١٠٥)

وەکو لەم هۆنراوەدا دیارە،شاعیر چەژنی نەورۆزی بە چەژنێکی پیرۆز چواندووە و لە کۆتاییدا ڕەگەزی نەمری پێی بەخشیوە و بەمەش نەورۆزی وەکو بۆنەیەکی نەمری ڕاگرتووە

٢.شوێنی نەمر:

شوێن،ئەو جوگرافیا دیاریکراوەییە،کە مرۆڤ و ئاژەڵ و هەموو ئەو شتانەی جێگە داگیر دەکەن،لە خۆی کۆ دەکاتەوە.بەبێ شوێن نەک ئاژەڵ و نە مرۆڤ ناتوانن بمێننەوە و پەرە بە مانەوەی خۆیان بدە،تا ماوەیەکی دیاری کراو پەرە بە ژیان بدەن.شوێن ڕۆڵێکی کاریگەری هەیە لەسەر دەروونی مرۆڤ و کەسایەتییان، چونکە مرۆڤ هەندێکجار لە شوێنێکدا گەرچی خاوەن سروشتێکی جوان و گوڵ و گوڵزارە، خاوەن دەروونێکی ئاسوودە نییە،هەمیشە خوو نەرێنی وەکو نامۆی و تەنیایی و ترس،خووتەکەی دەدەن و شادەماری ئاسوودەی و ئارامی وی دەقرتێنن،بەڵام بە پێچەوانەوە،هەندێک شوێن هەن،ئەگەرچی پڕن لە دیمەنی ناقوڵا و ناشرین و پیسی،بەڵام لەبەر ئەوە شوێنی یەکەمی خۆیەتی،هەمیشە دڵی بەو جێگەیە دەکرێتەوە و لەو جێگەیەدا باڵای ئارامی و دڵنیایی وەڵا دەکات."بەهۆی هەمە چەشنی وێنە و چۆنیەتی کاریگەرییان بەسەر مرۆڤەکانەوە،هەر شوێنێک بەهایەکەی تایبەتی خۆی هەیە و ئەم بەهایەش لەوەوە سەرچاوەی گرتووە، کە تا چەند دەتوانێت بیر و هەستی مرۆڤی تێدا بکرێتەوە یاخود مرۆڤ لە زۆرترین هەوڵی ئەوە دایە شوێن لەگەڵ یەک بە یەکەی هەستەکانی بگونجێنێت و تەریب لەگەڵیاندا ئاڕاستەیان بکات."(پ.د هیمداد حوسێن بەکر،د.کارزان موحسین قادربەگ،٢٠١٥، ٢٨).مەبەست لە شوێنی

نەمریش، ئەو شوێنیەکە،کە هەرگیز لە بیرەوەری و دەروونی مرۆڤەکاندا نامرێت و ئەگەرچی شوێن بشێونریت یان لە ناو ببرێت، بەڵام لەبەر خۆشەویستی تاک بۆ شوێنەکە، هەرگیز ناتوانێت وێنە و دیمەنی ئەو شوێنە لەبیر بکات، جا شاعیر لەبەر خۆشەویستی و کاریگەری شاری سلێمانی بەسەر کەسیەتی و مێژووی ناوبراوەوە، هۆنراوەیەکی بۆی نووسیوەی بە ناوی (بۆ شارەکەم):

بۆ شارەکەم

ئەی شارەکەم!

کە لە شاعیرێکیان پرسی:

چۆنە عیشق و خۆشەویستی

پاریست کردۆتە خولیا؟!

چۆنە وا نایگۆڕیتەوە

بە هەموو شارانی دنیا؟!

لەبەر ئەوەی کە زیندووە

بزێو و سەر بە گێچەڵ و نەمر بووە

(کاکەی فەلاح،٢٠٠٤، ٥١) وەک لەم پارچە هۆنراوەدا دیارە، گەورەی سلێمانی و جوانی ئەو شارەی بە پاریس شوبهاندووە و بە نەمر پەسنەی کردووە. ڕاستە، خودی هۆزانڤان لە شارۆچکە چوارتا لە دایکبووە و هاتۆتە دونیاوە، بەڵام خۆشەویستییەکەی یەکجار زۆر هەبووە، بۆ سلێمانی.

٣.کەسایەتی نەمر:

چەندین کەسایەتی و کەڵەپیاوی مێژووی هەن، کە تادونیا بە دونیا بێت،هەر ناویان لە ناوانە و هیچ هەڵشکان و داکشانێکی مێژوو دەرقەتی ئەوە نایەت لە نێویان بەرێت بیانکاتە خۆڵوخاشاکی خۆی. ''هەموو تایبەتمەندییەک لە تایبەتمەندیەکانی مرۆڤ وەک، زیرەکی و توانستەکان و ئاستی ڕۆشبیری و خووەکان و شێوازی

بیرکردنەوە، بیروباوەڕ و ئاڕاستەکان،حەز و ئارەزووەکانی و هاوسەنگی هەڵچوونی، ترسەکان، گرێ دەروونییەکان، پرسە تایبەتە کۆمەڵایەتییەکان وەکو

ڕادەی ڕاستگۆیی و لێبوردەیی و تایبەتمەندییە جەستییەکان، وەک باڵای جوان و هێزی مرۆڤ بەشێکە لە کەسایەتی مروڤ دەژمێردرێت و لە ڕێگە کەساتییەوە تاکەکان هەڵدەسەنگێنن(عزالدين احمد عەزیز،٢٠١٤، ٢٣٨)کەواتە، کەسایەتی وێنەیەکەی گەورەترە لەکەس و بنیادی کۆمەڵایەتی و دەروونی و ڕامیاری ئەو کەس پێشاندەدات. هەروەها، کەسایەتی کۆخاڵ و کۆ تایبەتمەندی کەسەکانە، ئەو کەسەیە و هەچ کاتێک ئەو هەموو تایبەتمەندیانمان کۆکردەوە ئەوە لەباتی ئەوەی بڵێین،کەس ئەلێین کەسایەتی.

جۆرە کەسانێک هەن، نە مێژوو، نە کات، نە سەردەم، ناتوانێت بیانخاتە ژێر پێ لەقەی و ئێژگڵی خۆیەوە و هەردەم ناویان وەکو قەڵایەکی بەرزی دێرین بەلادا نەکەوت بە پێیەوە دەوەستێت. ڕادەی کاریگەری داهێنان و ئەو کارانەی کە کردوویانە دەبێتە پیوەرێک نەمری ئەو کەسایەتییە. لەگەڵ ئەوەشدا، هۆزانڤانان لە ڕێی پەسن و ستایش کردنەکانیانەوە، ڕۆڵێکی یەکجار کاریگەر دەبینن، لە بەنەمرکردنی کەسەکاندا. بۆ نموونە (کاکەی فەلاح)لە چلەی(کامەران موکری)دا دەڵێت:

لە چلەی بەهرەیەکدا

ئەویش لە شیعر و بەرهەمی جوانا

گوڵاڵە سوورە و دار ئەرخەوانا

خەمە گەورەکەی دڵی سەیوانا

گزنگی ئاسۆی گەشی هەمووانا

وەک نەمرانمان

کامەرانیشمان زیندووە و ئەژی

(کاکەی فەلاح،٢٠٠٤، ٢٠٥)

لەم لەتە هۆنراوەدا، هۆرانڤان(کامەران موکری)بە نەمر چواندووە لە ڕیزی

نەمرندا باس و پەسنی کردووە و دەڵێت:زیندووە و ئەژی. جا مەبەست لە ژیانی هەردەمی نییە بە مانا بەرجەستەکەی، بەڵکو ئەو بە نەمری ماوەتەوە خودی کەسایەتی کامەرانن، لەگەڵ هۆنراوەکانییدا.

یان شاعیر لە جێگەیەکی تردا، لە یادی بیست ساڵەی کۆچی پیرمێردا دەڵێت:

گیانی نەمریی کرد بەبەر تەرمی باوک و باپیرا
تاچاوی خەیاڵ بڕ ئەکا شەپۆل ئەدا لەبیرا
(کاکەی فەلاح،٢٠٠٤، ٩٨)

لەم دێرەشدا بە هەمان شێوە دێرەکەی سەرەوە، گیان نەمری کردوە بە بەر پیرمێردا و نازناوی نەمری پێبەخشیووە. هەروەها شاعیر شیعری دوو بۆ گۆران و مەولەوی نووسیوە بە ناوی (مەولەوی نەمر) و(گۆرانی نەمر)، کە ئەمەش سەلمێنەری ئەوەیە، کە شاعیر زۆر گرنگی بەو کەسانە داوە، کە خزمەتی گەلەکەیان کردووە.

## نەمری لە نێو هۆنراوەکانی(کامەران موکری)دا:

کامەران موکری، یەکێکە لە دیارترین هۆزانڤانەکانی نێو وێژەوانی و هۆنراوەی کوردیی. وەکو چەندان هۆزانڤانی تر، توانیوەتی پێگەیەکی وێژەیی بۆ خۆی بنیاد بنێت. گەر چاوێک بە هۆنراوەکانی موکرییدا بخشێنین، ئەو هەست بەوە دەکەین، کە کامەران موکری خاوەن زمانێکی بەرزی هۆنراوەیی بووە و" شوێن و مێژووی ژیانی کامەران موکری کاریگەری ڕاستەوخۆ لە بەرهەمەکانیدا هەبووە، قووڵبونەوە لە گێرانەوە و گەیاندنی پەیامی نەتەوەیی لای کامەران لەپێش جوانکاری و هونەریەتی دەقی ئەدەبییەوەیە، چونکە هەست و بیری کامەران هەڵقوڵاوی ژیان و دوخی نالەباری نەتەوەکەیەتی و زیاتریش فەرهەنگی نەتەوەکەی کەرەستەی بونیاتی هۆنراوەکانیەتی و زۆر بە کەمیش وشەی بێگانەی بەکارهێناوە(سەرحەد حسێن مستەفا،٢٠١٥، ١٤٤)هەروەها، ئەو سەردەمەی

**ئەو تێدا ژیاوە، سەردەمی شەڕ و ململانێی دەوڵەتە زلهێزەکان بووە.هۆزانڤان جگە لەوەی هۆنراوەی نووسیوەتەوە، چیرۆکنووس و مامۆستا بووە و لە زانکۆی سلێمانی و زانکۆی سەلاحەدین لە بەشی کوردی وانەی وتۆتەوە. کامەران موکریش، وەکو هەندێک لە هۆزانڤانانی تر، دەستەواژەی نەمریی لە نێو هۆنراوەکانییدا بەکارهێناوە و بۆ پڕکردنەوەی ویست و هەستەکانی خۆی. نەمری لە هۆنراوەکانی موکرییدا، ئەمانەی خوارەوە دەگەرێتەوە:**

**١.دەقی نەمر:**

**دەق بەوە دەناسرێتەوە، کە زیاد لە ڕستەیەکن، پێکەوە مانایيەکی دروست دەدەن بە دەستەوە یان دەق بەوە پێناسەکراوە"کۆمەڵێک دەستەواژەییەکن، واتە ئەو ڕستە بەکارهێنراوانەی کە کەوتوونەتە ژێر شیکارییەوە، کەواتە دەق جۆرێکە لە ڕەفتاری زمانەوانی و ئەم نمونەیە دەتوانرێت بنووسرێت یان قسەی لەسەر بکرێت"(محمد بادیس،٢٠١٧، ٦).هەرکات باس لە دەق بکرێت، ڕاستەوخۆ دەقی وێژەییمان بیر دەکەوێتەوە، بەڵام وەکو ئاشکرایە، یەک جۆری دەقمان نییە، بەڵکو ئێمە دەقی کۆمەڵایەتی و دەقی دەروونی و دەقی مێژوویيمان هەیە، کە هەر جۆرەوە لە بوارێکدا، مانای دەقەکان بەرجەستە دەکات.**

**دەق هەیە، لە نێو سینەی نەمرییدا پێگەیەک بۆ خۆی بیناد دەنێت و پاش چەندین سەدە و ساڵ لە تێپەڕبوون و لە دایکبوونی دەقەکە، هەر خاوەن ملوانکەی نەمرییە و ڕۆژگار ناتوانێت ئەو شانازییەی لێ زەوت بکات. ئەمەش جیاوازییەکی تەواوی هەیە، لەگەڵ ئەو دەقانەی، هەر چەند ماوەییەکی کەموکورت لەنێودەچن و تەمەنێییان تەمەنی پەپوولەیەکە. لە نێو وێژەوانی چەندین دەقی نەمرمان هەیە، کە شایەنی ئەوەن بڵێین: ئەمانە دەقی نەمری و گەر شتێک بوونی هەبێت بە نێو لە ناوچوونی زمان وێژەیی کوردیی،ئەمانە پاش لە نێوچوونی دواکەرەستەکانی زمان و وێژەیی کوردی لە نێودەچن.بۆ نموونە وەکو هۆنراوەی (شەوی یەڵدا)ی (کوردی) هۆزانڤان، کە هەموو ساڵێک لە شەوی یەڵدادا دەگووترێتەوە و چێژێکی زیاتر دەبەخشێتە ئەو کۆڕ و کۆڕبەندانەی لەو شەوەدا ساز دەکرێن.دیارە کامەران موکریش، تاڕادەیەک ئاشنایەتی هەبووە، لەگەڵ چەمکی نەمری و دەقی نەمریدا هەبوو، واتا زانیوەتی دەقی نەمر چییە و چی نییە،هەر بۆیە لە هۆنراوەیەکەدا دەڵێ:**

**زۆر وشەی جوان و گەشی وەک ئاگر**

**لە دڵی منا بوون بە ژیلەمۆ**

زۆر شیعری گەرم و شیرین و نەمر
بە دیل گیراون وەکوو من و تۆ
(کامەران موکری، ٢٠١٢، ١٦٥)

٢.نەتەوەی نەمر:

"نەتەوە کۆمەڵە مرۆڤێکن کە بە کردارێکی مێژووی خۆڕسک پەیدا دەبن، حاڵەتێکی دەروونی و ویژدانی نێزیکی و خۆشەویستی و کەسایەتی و خۆبەکەس زانینی نێو کۆمەڵگەیەکە کە لەسەر بناغەی و زەمینەی هاوبەشێتی و یەکێتی (زمان،نیشتمان،مێژوو،هەست و نەست و دابونەریتی کۆمەڵایەتی)هەڵچووە... "(ئازاد مستەفا،١٩٩٦، ٣)،کەواتە نەتەوە کۆمەڵە کەسانێکن، چەندین ڕەهەندی دەروونی و کۆمەڵایەتی و مێژووی و کلتووریی پێکییان دەبەستێتەوە.هەروەها مەرج نییە، لە سنوورێکی دیاریکراودا کۆببنەوە.ئەم پەرش و بڵاویش چەندین هۆکاری لە پشتەوەیە، بۆ نموونە: وەکو هۆکاری ڕامیاری و کۆچ و کۆچباری و بژێوی و...، تا هەنووکە،زۆربەی کوردان وا دەزانن،کە کوردستان یان خاکی کوردەکان چوارپارچەیە، بەڵام وانییە،ئێمە (کوردستانی سوور)مانیش هەبوو،کە دەکەوتە نێوان ئازەربیجان و ئەرمەنستان و لە ساڵانی بیستەکانی سەدەی ڕابردوو،لەلایەن یەکێتی سۆڤیەتەوە دانپێدانرا. گەر لە نەخشەی جیهان بڕوانین، ئەوە دەبینین مەودایەکی سنوور فراوان لە نێو کوردستانی سوور و پارچەکانی تر کوردستان هەیە.ئەمەش بەڵگەی ئەوەیە،مەرج نییە یەک نەتەوە لە چوارچێوەی سنووری جوگرافی دیاریکراو کۆببنەوە.بەڵکو ئەوە بەیەکییان دەبەستێتەوە کۆمەڵێکی هاوبەشی جەستەیی و دەروونی و کۆمەڵایەتییە.

کامەرانی شاعیر،جگە لەوەی هۆزانڤانێکی ڕۆمانسی و خاوەن هەستێکی تایبەت بوو،هەروەها لە هەمان کاتیشدا خاوەن هەستێکی گەورەی نەتەوایەتی بوو.ڕادەی هۆشیاری نەتەوایەتی لای کامەران موکری گەیشتۆتە ئاستێك،"ئاوڕ لە گەلان و قارەمانی تر داوەتەوە،کە ئەمەش هەستی مرۆڤایەتی و هەڵوێستی شاعیرە بۆ ئەو گەل و نەتەوە ستەمدانەیە،ئەمەش ئەنجامی پەیامی مرۆڤایەتییە نەک ڕەگەزپەرستی، چونکە لە بنچینەدا شاعیر و هۆنراوەی نەتەوەیی پەیامیان ئازادی و یەکسانییە،نەک جیاوازی چینایەتی و ڕەگەزپەرستی ناڕەوا"(سەرحەد حسێن

مستەفا،٢٠١٥، ١٢٧).زۆربەی ئەو گەلانەی دووچاری زۆرداری و ستەم بوونەتەوە، هەمیشە کۆمەڵە هۆزانڤانێکیان تێدا هەڵکەوتووە،کە درکییان بەو ستەمە کردووە و پێنووسەکەیان وەکو تفەنگێک بەکارهێناوە لە بەرانبەر ئەو ستەم و نادادییە.

نەتەوەی نەمریش، بەو نەتەوەیە دەوترێت،کە هەرچەندە داگیر بکرێت و کلتووری و خاکی بشێوێنریت،هەرچەندە سەر و ماڵییان بە تاڵانا ببرێت،هەرچەندە زۆردار دەستی چەپڵەکەی لە نێو خۆێناوییدا سوورِ بدات،هەرگیز دەستبەداری خاک و ئاو و پێگەی نەتەوەی خۆیان نابن،لە نێو نەتەوەکانی جیهاندا و سەربەرز و شکۆمەند ڕاودەوەستن. بێگومان نەتەوەی کوردیش یەکێکە لە نەتەوە ستەمدیدەکانی دونیا. سەرەڕای ئەم هەموو زنجیرە زۆرداری و ستەمە یەکێک لە دوای یەکە،کورد توانیەتی پارێزگاری لە زمان و کلتوور و دابونەریتە کۆمەڵایەتییەکانی بکات و بە نەمری بمێنتەوە.کامەران موکریش،لەبارەی نەمری نەتەوەی کوردەوە دەڵێت:

بوو بووین بە پشکۆ، بە ئاگر

ئێمەی کورد، کورد، کوردی نەمر

(کامەران موکری، ٢٣٨، ٢٠١٢)

لەم دێرەدا، هۆزانڤان ئاماژەی بەوە داو کە سەرەڕای ئەوە گەلی کورد کراون بە پشکۆی ئاگر، بەڵام هەر نەتەوەیەکەی نەمر و زیندوون. جا ئێمە بگەڕینەوە بۆ ڕابردوو، ئەو ڕاستیمان بۆ دەرکەوێت، کە چەندێک ستەم و کۆمەڵکوژی بەرانبەر بە کورد کراوە, کەچی کورد وەک خۆر چۆن لە پشت هەورەکانەوە دەرکەوێت، ئەویش لە پشت هەموو ئەو نادادییەوە

یان لە جێگەیەکە تردا، لە زاری قازییەوە دەڵێت:

بانگت کرد نامرێ گەلی کورد

گەشە گوڵی ئەمەلی کورد

(کامەران موکری، ٢٠١٢، ٣٧١)

ئەم جۆرەیان زیاتر لەو جۆرەکانی تر لە نێو هۆنراوەکانی کامەرانیدا ڕەنگداوەتەوە، چونکە شاعیر ویستویەتی لە ڕێگەی هۆنراوەکانیەوە ئەوەمان پێبڵێن: کە هەرچەندە هەوڵی تواندنەوە و لەناوبردنی کورد بدەن، ئەوە گەلی کورد هەر گەلێکی نەمرە و بەدەستی دوژمنان لە نێو ناچێت.

٣.یادی نەمر:

ئەم جۆرە نەمرییە،زیاتر لە ڕوانگەی دەروونناسییەوە لێی دەڕوانین،چونکە وەکو پێشتر وتمان:کە لە دەروونی مرۆڤدا چەندین یادگاری و یادەوەری نەمر بوونی هەیە و لەگەڵ لە کارکەوتنی مێشک و ئاوەزی مرۆڤدا ئەو یادەوەریانەش لەبیر دەچن،واتا تاکو مێشک و ئاوەزی مرۆڤ کار بکات، ئەو یادەوەریانە هەر دەمێننەوە. یادگەی مرۆڤ،وەکو تۆمارکەرێک وایە،کە هەموو ڕووداوە گرنگ و بەهەندە تێدا تۆمار دەکات، هەندێک لەم تۆمارکراوانەش، لەبەر ئەوەی خاوەن

کۆمەڵە دۆخێکی تایبەتن و کاریگەرییەکی گەورەیان لەسەر لایەنی دەروونی و کۆمەڵایەتی تاک هەیە،تا ئەو کەسە دەمرێت و ماڵئاوایی هەمیشەیی دەکات،ئەو یادەوەریانە،هەر لە مێشک و یادگەدا دەمێننەوە. موکریش، زۆر بەتەواوەتی هەستی بەم یادە نەمرە کردووە و زانیوەتی هەندێک یاد و یادەوەری بۆ هەمیشە نەمرن و مرۆڤ تا ئەو ڕۆژەی دەمرێت ناتوانێت لە بیریان بکات، هەر بۆیە لە هۆنراوەیەدا دەڵێت:

یادێکی غەمگین و نەمر

چنگ ئەنێتە دڵی پەستم (کامەران موکری، ٢٠١٢، ١٤٣)

کەواتە لە ژێر ڕۆشنایی ئەو نموونانەی سەرەوە دەتوانین جیاوازین نێوان نەمری بکەین، لە نێوان شیعری نوێ و کلاسیکی کوردیدا و بڵێین: لە قۆناغی کلاسیکدا لەبەر ئەوەی شاعیرەکانمان زیاتر بە کەسایەتی و ستایشی کەسەکان داوە، ڕەگەزی نەمریان داوەتە پاڵ کەسایەتییەکان، بەڵام لە شیعری نوێی کوردییدا، لەبەر ئەوەی شاعیران زیاتر تێڕوانینێکی فراوانیان هەبووە، بۆ شتەکان و پێشهاتەکانی دەوربەر، ڕەگەزی نەمریان داوەتە پاڵ چەندین شت.

## ئەنجامی توێژینەوەکە:

1. .لە تەوەری یەکەمدا، لەژێر ڕۆشنایی ئەو سەرچاوانەی لەبەر دەستماندا بوو، وەکو پێناسە و سەرەتایەک بۆ توێژینەوەکەمان، پێناسەی نەمریمان ڕوون بکەینەوە و لەگەڵ ئەو سەرچاوانەی بیرۆکەیی نەمرییان لێوە پەیدا بووە. هەروەها لەبەر ئەوەی نەمری پانتاییەکی لە بوارەکانی تردا داگیر کردووە، باس نەمریمان لە قورئانی پیرۆز و لە مێژوو کردووە.

٢. لە تەوەری دووەمدا، تاڕادەیەک ئاوڕمان لە بابەتێکی باو داوەتەوە، ئەویش نەمرییە لە شارستانیەت و ئاینە کۆنەکاندا. چونکە نەمری یەکێک بووە، لە بابەتە هەرە گرنگەکان لە شارستانیەتەکانی سۆمەری و میسری و یۆنانی کۆندا، لەگەڵ ئەمانەشدا نەمری لە ئاینی زەردەشتییدا کاریگەری و ڕەنگدانەوەی تەواوی هەبووە. بەمەش گەیشتین بەوەی کە نەمری مێژووییەکەی یەکجار دوور و درێژی هەیە و دەگەڕێتەوە بۆ بیرۆکە سەرەتاییەکان، لە کۆمەڵگە کۆنەکاندا.

٣. لە تەوەری سێیەمدا، گەڕاینەتەوە بۆ وێژەوانی فولکلۆری کوردیمان، چونکە وێژەوانی فولکلۆرمان بە هەموو ڕەگەزەکانیەوە، وەک گەنجینەیەکەن لێوانلێوبن لە مرواری گرانبەها و کەموێنە. ئێمەش لە ئەنجامی ئەو گەڕان و لێکوڵینەوەی بەدەستمان هاتووە، بۆمان دەرکەوتووە، هەردوو ئەفسانە و داستان، وەکو دوو ڕەگەزی فولکلۆری کوردی، بابەتەکانیان نەمریان ئاوێتە کراوە و بەدەر نییە، لەو مەبەستانەی ئێمە دەمانەوێت بیخەینەڕوو.

٤. لە تەوەری چوارەم و کۆتایدا، ئاوڕمان لە بابەتێکی تر داوەتەوە، کە مەبەست و ئامانجێ سەرەکی توێژینەوەکەمانە، ئەویش نەمری لە دیدەی سێ شاعیری کلاسیکدا،ئەمانەش لەو سێ هۆزانڤانەن، کە کەمترین توێژینەوە لەسەر هۆنراوەکانییان کراوە. پاش نەمری و جۆرەکانی نەمریان ڕوون کردۆتەوە، لە نێو هۆنراوەکانی (کاکەی فەلاح)دا و (کامەران موکری)دا.

## ملخص الدراسة باللغة العربية:

في هذه الدراسة بحثنا في موضوع مهم ونادر في الشعر الكردي الجديد وهو موضوع الخلود .صحيح أن هذا الموضوع تم تناوله في الأدب الفولكلوري الكردي ،لأن الفولكلور نتاج مجموعة من الناس الذين عاشوا في الماضي ولديهم معتقدات مختلفة عن معتقدات الناس اليوم .من الخلود اتخذ اتجاهًا جديدًا يختلف عن الأدب الشعبي.

وتجدر الإشارة إلى أن مثل هذه القضايا قد تمت دراستها وإبرازها بشكل أقل من غيرها .في مقابل إحساسنا بالمسؤولية والاهتمام بأدبنا ،أجرينا بحثًا شاملا ،ً على أمل أن نكون قادرين على وضع لبنتين معًا وإظهار ثراء أدبنا للعالم بأسره ،يجب أن يكون بحثنا قصيرًا وموجزًا و ليس عجينا ًمائيا ًأكثر من اللازم ،وقد أخذنا مثالين فقط في الشعر الكردي الجديد ،وهما(كاكي فلاح و كامران مكري.)

**Summary of the study, in English:**

**In this study, we have looked at an important and rare theme in new Kurdish poetry, which is the theme of immortality. It is true that this issue has been worked on in Kurdish folklore literature, because folklore is the product of a group of people who lived in the past and had different beliefs than people today However, in classical and modern Kurdish poetry, immortality and the subjects of immortality have taken on a new direction, different from folk literature.**

**It is worth noting that such issues have been less studied and highlighted than others. In return for our sense of responsibility and concern for our literature, we have done a thorough search, hoping that we have been able to put two bricks together and show the richness of our literature to the whole world Our research should be short and concise and not too watery dough. We have taken only two poets as examples in new Kurdish poetry, namely (Kakey Falah and Kamran Mukri).**

## خلاصه تحقیق به زبان فارسی:

در این پژوهش به موضوعی مهم و نادر در شعر نو کردی که موضوع جاودانگی است ،پرداخته ایم .درست است که در ادبیات فولکلور کردی روی این موضوع کار شده است ،زیرا فولکلور محصول گروهی از مردمانی است که در گذشته می زیسته اند و باورهای متفاوتی نسبت به مردم امروز داشته اند ،اما در شعر کلاسیک و مدرن کردی جاودانگی و موضوعات مطرح شده است .جاودانگی مسیر جدیدی متفاوت از ادبیات عامیانه به خود گرفته است.

شایان ذکر است که چنین موضوعاتی کمتر از سایرین مورد بررسی و تاکید قرار گرفته است .در ازای احساس مسئولیت و نگرانی خود نسبت به ادبیاتمان ،جستجوی کامل انجام داده ایم ،به این امید که توانسته باشیم دو خشت را کنار هم بگذاریم و غنای ادبیاتمان را به تمام دنیا نشان دهیم ،تحقیق ما باید کوتاه و مختصر باشد و خمیر خیلی آبکی ما در شعر نو کردی فقط دو شاعر (کاکی فلاح و کامران مکری )را مثال زده ایم.

**سەرچاوەکان:**

**سەرچاوەی مەزن؛ قورئانی پیرۆز(قران الكريم)**

**سەرچاوە کوردییەکان:**

**١.لوێس بۆد، فێربوون بۆ بیرکردنەوە - بیرکردنەوە بۆ فێربوون،وەرگێرانی کۆمەڵە نووسەر، چاپی ئەلیکترۆنی، سلێمانی، ٢٠٢٠**

**٢.مەولود ئیبراهیم حەسەن، گەڕان بەدوای نەمریدا، «لێکۆڵینەوەی مێژووی بەراوردکارییە لە نێوان ئەفسانەی کوردی و فارسیدا»، چاپی یەکەم، چاپخانەی وەزارەتی پەروردە، دەزگای ئاراس، هەولێر، ٢٠٠٢**

**٣. دیوانی عەونی»، کەریم شارەزا، چاپخانەی پەروەردە، چاپی یەکەم، ١٩٩٧ـ،هەولێر.**

**٤.دیوانی عاسی، عەزیز گەردی، چاپخانەی تەفسیر، چاپی یەکەم،٢٠٠٨، هەولێر.**

**٥. مامۆستا مەلا عەبدولکەریم سائیب، «دیوان زاری»، گردوکۆ و ئامادەکردنی:محەممەد سادق صائب،، کتێبفرۆشی محەممەدی، چاپی یەکەم، ٢٠٠٤، سەقز.**

**٦. " هیتلەر"نووسەر: ئایڵین پیرسۆن، وەرگێڕ: ئاگری ئەفشین، چاپی ئەلەکترۆنی 2017**

٧. مێژوو، کەمال مەزهەر، چاپی دووەم، چاپخانەی هێڤی،٢٠٠٨، هەولێر.

٨. کاروانی خەیاڵ، بەشێک لە هەڵبەستەکانی خالید حیسامی، چاپی دووهەم، هەولێر، ساڵی ١٩٩٧ زایینی چاپخانەی زانکۆی سەلاحەددین.

٩.ئایینی زەردەشت، عەلی شەریعەتی وەرگێڕ: شەهرام رەشید قادر ،بڵاوکار: نووسینگەی تەفسیر، ،چاپی یەکەم، هەولێر،٢٠٠٥

١٠. تەفسیری خاڵ نووسینی: شێخ محەمەدی خاڵ بڵاوکار: وەزارەتی کاروباری شیمال ،چاپخانەی( اسعد) بەغدا، ١٩٦٩

١١.بیری نەتەوەی و بەرەنگاری لە شیعرەکانی (کامەران موکریانی)دا، سەرحەد حسێن مستەفا، زانکۆی سلێمانی، نامەی ماستەر، ٢٠١٥

١٢. نەتەوە و نەتەوایەتی، ئازاد مستەفا،ئەم نامیلکەیە لەلایەن چالاک محەمەدەوە بۆ ئنتەرنێت ئامادەکراوە، ستۆکهۆڵم، ١٩٩٦

١٣.بنەماکانی دەروونزانی گشتی، عزالدین احمد، دەزگای چاپی ڕۆژهەڵات، چاپی پێنجەم، هەولێر،٢٠١٤

١٤.بە شوێنکردنی مرۆڤ و بە مرۆڤکردنی شوێن لە ڕۆمانی(هەولێر)ی شێرزدا هەین دا، هێمدا حوسێن ، کارزان موحسین بەگ، گۆڤاری زانکۆی ڕاپەرین، ژمارە ٥، ٢٠١٥.

١٥.کورد و مێژووی چەژنی نەورۆز، د.کەیوان ئازاد ئەنوەر، چاپخانەی دلێر، دەزگای ئایدیا، سلێمانی، ٢٠١٦.

١٦.ديوانی حاجی قادری کۆیی، محەمەدی مەلا کەریم، چاپی یەکەم بڵاوکار : انتشارات كوردستان، سنه، ١٣٩٠.

١٧. کاروانی خەیاڵ، بەشێک لە هەڵبەستەکانی خالید حیسامی، چاپی دووهەم، هەولێر، ساڵی ١٩٩٧ زایینی چاپخانەی زانکۆی سەلاحەددین.

١٨.ڕێبازە ئەدەبییەکان، فەرهاد پیرباڵ، بڵاوکراوەی ئاراس، چاپی یەکەم، هەولێر، ٢٠٠٤.

١٩. ڕەهەندی ئاینی لە شیعری کلاسیکی کوردییدا، نەوزاد کەلهوڕ، ناوەندی تەفسیر، چاپی یەکەم، هەولێر، ٢٠٠٨.

٢٠.ديوانی ئەحمەد موختار جاف، د. عیزەدین مستەفا ڕەسوڵ، بڵاوکراوەی هەژار موکریانی، چاپخانی پەنجەرە، تاران، ٢٠١٦.

٢١.لایەنە ڕەوانبێژییەکان لە شیعری کلاسیکی کوردییدا،(بە نموونەی حەمدی و حاجی قادری کۆیی)،د. ئیدریس مستەفا، بڵاوکراوەی ئەکادیمیای کوردی، چاپخانەی حاجی هاشم، هەولێر،٢٠١١.

22. کوردستان نیشتمانی یەکەمی سۆمەرییەکانە، هاوڕێ باخەوان، چاپی دووەم ،دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی ئاراس – چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە، هەولێر.

٢٣. دیوانی کاکەی فەلاح، ئامادەکردنی: بنەماڵەی شاعیر، سلێمانی: 2004

٢٤. مێژووی ئەدەبی کوردی، عەلائەدین سەجادی، چاپخانەی مەعارفی، بەغدا، ١٩٥١.

٢٥.ديوانی کامەران موکری، کامەران موکری، چاپخانەی چوارچرا، چاپی دووەم،٢٠١٢.

٢٦- ئەرک و بنیاتی کارەکتەتی پەرەسێن لە ڕووی ئەرک و بابەتەوە، هێمداد حوسێن، عەونی ئەمین، زانکۆی سەڵاحەدین.

٢٧.ڕوانگەیی رەخنە و ڕوانینی تێۆریی، ئاری عوسمان خەیات،دەزگای چاپی نارین، چاپی یەکەم، هەولێر، ٢٠١٩

٢٨.مێژووی دێرینی میسر، کەلسومە جەمیل، ناوەندی تەفسیر، هەولێر، ٢٠١٧.

٢٩.چەمکی ڕەشبینی لە شیعری ( محەمەد عومەر عوسمان و ئیدریس جماع)دا، حسن سرباز، مەریوان حوسێن فرحان، گۆڤاری زانکۆی گەرمیان، JUGSpecialIssue,2019

٣٠.گاتا سرودە پیرۆزەکانی زەردەشت، بابان سەقزی، ٢٠٠٦.

٣١.زەردەشت و مێژووەکەی ناوی نووسەر: عەبدوڵڵا ئیبراهیمی ، ئادیلاد/ ئوسترالیا، ٢٠١٧.

٣٢.گاتاکان سرورده ئاهوراکانی زەردەشت، خەسرەو خەزاعی، وەرگێرانی هادی محەمەدی، دەزگای چاپی سەردەم، چاپی یەکەم، سلێمانی، ٢٠١٢.

٣٣.مێژووی ئاینی زەردەشت، عەبدوڵا موبلغی ئابادانی، وەرگێرانی وریا قانع، دەزگای چاپی سەردەم، سلێمانی، ٢٠٠٢.

٣٤.كوردۆلۆجی، ژیلوان عەبدوڵڵا هەڵەدنی، چاپخانەی چوارچرا، چاپی پێنچەم، سلێمانی،٢٠١٠.

٣٥. یادگەی بەهێز و چارەسەری لەبیرچوونەوە، محەمەد سەلامە، وەرگێرانی هلال صابر،چاپخانەی کەنج، چاپی یەکەم، سلێمانی، ٢٠١٨.

٣٦. بنیاتی ڕووداو لە ڕۆمانی(پاشایان کوشت)ی (خەسرەو جاف)و (پێش ئەوە واشە هەڵفڕێت)ی (عەبدولخالیق ڕکابی)دا - لێکوڵینەوەیەکی ڕەخنەی بەراوردکاریە، ئاری عوسمان خەیات، چاپخانەی نارین، چاپی یەکەم، ٢٠١١

٣٧. ئاستانەی ڕۆمان و گۆشەنیگاکان، عەبدوڵڵا سەڕاج، پەخشی سەردەم، چاپی یەکەم سلێمانی، ٢٠٠٧.

٣٨. ئەدەبی فۆلکلۆری کوردی، عیزەدین مستەفا رەسوڵ

وەزارەتی کاروباری شیمال،لە چاپخانەی (دار الجاحظ) چاپ کراوە،بەغدا ، ١٩٧٠.

٣٩.فۆلکلۆری کوردی، محمد تۆفیق ووردی، چاپخانەی دار تضامن، چاپی یەکەم، بەغدا، ١٩٦١.

٤٠.ئەفراندن و مردن لە ئەفسانەی کوردییدا بە پێی ئاڤێستا و دەقە پەهلەوییەکان، فەرهاد عەزیز خۆشناو،ئەکادیمیای کوردی، هەولێر، ٢٠١٣.

٤١.بیاتی گێرانەوە لە داستانی (مەم و زین)ی ئەحمەدی خانی و ڕۆمانی( شاری مۆسیقا سپییەکان)ی بەختیار عەلی دا، سەنگەر قادر شێخ محەمەد حاجی، چاپخانەی خانی، چاپی یەکەم، دهۆک، ٢٠٠٩.

٤٢.شانامەی کوردی، داستانی ڕۆستەم و زۆراب، وەرگێران: سیاوەش گودەرزی، چاپخانەی ئاراس، چاپی یەکەم، هەولێر، ٢٠١٢.

43.علاءالدین سجادی، «مێژووی ئەدەبی کوردی، مێژوو، ئەدەب، بەغدا: چاپخانەی معارف، 1952

سەرچاوە عەرەبییەکان:

١.الخلود في الشعر الجاهلي ودوره في تكوين شخصية الرجل المثال : مدخل تحليلي، عادل علي عيوش الزين، مجلة الدراسات الادبية و للغوية، العدد الاول، السنه عاشرة،٢٠١٨.

٢.مفهوم النص و قراءته في الفكر العربي العاصر، محمد باديس، جامعة وهران، اطروحة الدكتوراه، ٢٠١٧.

٣.المذاهب الادبية من كلاسيكية الي العبثية، د.نيبل الراغب ،المكتبة الثقافية، مصر،١٩٨٣.

٤. الحِسُّ الملحمي في الشِّعر الجزائري الحديث والمعاصر دراسة في تجليات الإلياذة،جمالياتها ودلالاتها، صلاح الدين بادية، جامعة العقد الحاج لخضر، لنيل شهادة دكتوراه،٢٠١٤.

٥. الخلود عند فلاسفة اليونان أصوله وتطوراته, لهام المعتز بالله عبد العظيم أبو الخير, مجلة كلية الآداب بقنا, عدد (53 – الجزء الأول) يوليو 2021

٦.قصتي مع جلجامش، احمد تركي، ساحر الكتب،طبعة الثانية، لبنان، ٢٠١٩.

٧.ملحمة جلجامش، طه باقر، الناشر: دار الوراق للنشر، تاريخ الإنشاء: 07 نوفمبر 2008

٨.العقدة النفسية، روجيه موكيالى ،ترجمه موريس شربل، منشورات عويدات، الاطبعة الاول، بيروت، ١٩٨٨.

٩.النقد النفسي عند جورج طرابيشي كتاب عقدة أوديب في الرواية العربيةأنموذجا، مفيدة قيطون،شهادة ماستر، ٢٠١٥.

١٠.قلق الموت، د.احمد محمد عبدالخالق، دار علم المعرفة، كويت، ١٩٨٧.

١١.المومياوات المصرية، من موت الي خلود، فرانسواز دونان، روچيه ليشتنبرج، ترجمة ماهر جويجاتي، دار فكر، طبعة الاول، قاهرة، ١٩٩٧.

١٢.الدين في مصر القديمة، ابكار سقاف،دار العصور جديدة،٢٠٠٩.

١٣.هرودوت تيحدث عن مصر، ترجمة محمد صقر خفاجة، د. احمد بدوي، دار قلم،١٩٦٦.

١٤.الاسطورة ، توفيق حضاري، داركيون لنشر و توزيع ، الطبعة الاولي، دمشق، ٢٠٠٩.

١٥.النقد الادبي الحديث، محمد غنيمي هلال، نهضة المصر، ١٩٩٧.

١٦. الأسطورة و دورها في الإبداع، حاكم العمارية، المصدر جسور المعرفة : للتعليمية و الدراسات اللغوية و الأدبية، المجلد 2، العدد 6 (30 يونيو/حزيران 2016)، ص ص. 131-154، 24ص.

١٧. خلود في القرآن الكريم، البديعة السهيان، عدد الثالث والثلاثون – الجزء الرابع.

١٨.المدخل إلى علم الفولكلور، عثمان عكاك، ناشر وزارة الارشاد، بغداد، ١٩٦٤.

١٩.بعد الاسطوري في الشعر العربي المعاصر -عبدالوهاب البياتي- انموذجا دراسة النقدية، تفاحة بلبزوح ، رسالة ماستر،جامعة العربي بن مهيدي،٢٠١٢.

بەستەرەکان:

١.خوێندنەوەیەک بۆ شاکەسی چیرۆکی"لووت"کەمال سەعدی، ومەر عادل عەبدوڵلا. ماڵپەڕی (دیدی من).٢٠٢٢.

٢.گڵگامێش،هاوڕێ قەندیل،٢٠١٣.ماڵپەڕی وشە.

سەرچاوە فارسییەکان:

١. بررسي انتقادي براهين عليه جاودانگي و بقاي نفس، قاسم پورحسن،حكمت و فلسفه، سال پنجم، شماره اول، بهار 1388، صص 7 - 30

٢. فصلنامۀ ادبیات عرفانی و اسطورهشناختی س7ش25زمسنان90، مقایسۀ جاودانگی در اساطیر زرتّشتی و سامی، دکتر مهدي رضایی - دکتر حشمتا آذرمکان

٣. بررسی اسطوره و انواع آن در شعر معاصر (با نگاهی به شعر موسوی گرمارودی)ساغر سلمانینژاد مهرآبادی، طوسی عبدالرضا سیف، پژوهشنامۀ نقد ادبي و بلاغت، سال 9، شمارۀ 1، بهار و تابستان 1819.

٤. لود در عذاب تکیه بر تقریري متفاوت از آموزة تجسم اعمال، تاریخ دریافت: 30/07/1393 تأیید: 15/11/1393، محمدرضا بلانیان محمدحسین دهقاني محمودآبادي*

٥.بررسی نسبت و تلازم میان جاودانگی و صفتای زندگی، حمید رضا اسکندری دامنه، علی پوور محمدی، در فصلنامه علمی پژوهش علقی نوین /سال دوم، شماره چهارم پایز و زمستان ١٣٩٦